

# تەسەوف و شیعر

ئا: ئیدریس عەلی

تەسەوف و شیعر... جەوهەریترین پرسیارێك بۆ وروژاندنی ئەم بابەتە هەستیارە ئەوەیە:

ئایا خودی تەسەوف چییەو جۆرەکانی چین؟ ئایا ریشەکانی سەرهەڵدانی تەسەوف تەنها لەناو ئایینەکاندایە؟ ئایا تەسەوف لە شیعریی کوردییدا هەیە؟ ئەی ئەوکاریگەرییانە کامانەن کەتەسەوف لەسەر شیعری کوردی دایناون لەرابردوو و ئێستادا؟ هەرکام لەبەشی ئەم پرسیارانە رەنگە وەڵامی دوورودرێژو راڤەی فەلسەفی قووڵ بخوازن، بەڵام کاتێك لەدووتوێی تەوەرێکدا ئاراستە دەکرێن، رەنگە ئەو بوارە نەبێت بەتێرو تەسەلی وەڵام بدرێنەوە، بەڵام وەك هەوڵێك بۆ تێگەیشتنێکی سەرەتاییمان لەو پرسە، ئاکامێکی باشی دەبێت، بۆ ئەم تەوەرە هەریەك لە د. رەئووف عوسمان، نەبەز هەورامی، تەحسین حەمە غەریب، ئارامی حەمەی مینا.. بۆچوونەکانیان دەخەنە روو.



## د. ڕەئووف عوسمان:

### یەکێك لەو دیاردانەی تەسەوف لە هۆنراوەدا جێی دەهێڵێت، ڕەمزگەراییە..

مێژووی سۆفیگەرایی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەڤدەهەمو سەفەری مەولانا خالیدی نەقشبەندی بۆ هیندستان، بۆ لای شێخ عوبەیدوڵڵای دەهەلەویو وەرگرتنی ئیجازەی مورێدیو دواجار خەلیفەیی لە ڕێبازی تەسەوفدا، ئەم ڕێبازە کۆمەڵێك شوێنەواری ئەدەبیو کۆمەڵایەتیو تەنانەت لە سەرەتادا سیاسیشی جێهێشتووەو تا ئەم چرکەساتەیش درێژەی هەیە.

کاریگەرێتییە پۆزەتیڤەکانی ئەم ڕێبازە لەسەر شیعری کوردی وەك چوری شیر سپییەو بە تەختی تەوێڵی هۆنراوەکانییەوە ماوەتەوە، مانەوەیەك کە شاکاری ئەوتۆی لێکەوتۆتەوە، کە هەتا هەتایە جێگای شانازیی داهێنانی سەرتەڵو ڕەسەن بێت، با ئەوەش نەبوێرم کە مێژووی سۆفیگەرایی لای بوزیو هیندیو عەرەبەکان گەلێ لە مێژینەترە لە هی کوردەواریو مەرجیش نییە دیاردەو خەسڵەتەکانی سۆفیگەرایی لای ئەم نەتەوانە لە ڕووی فیکرو هەڵسوکەوتو دنیابینییەکانیانەوە چوون یەك بن.

یەکێك لەو دیاردانەی کە تەسەوف لە هۆنراوەدا جێی دەهێڵێت ڕەمزگەراییە، دەبێت هەر لە سەرەتاوە ئەوەمان لە بەرچاو بێت، کە ڕەمزییەت لە شیعری کوردیی سەر بە تەسەوفدا، نە سۆفیگەراییەکەی (کۆڵن وڵسن) نە لە کتێبی (الشعر والصوفیه)دا، کە زیاتر بەلای نەهلستیەتدا دەشکێتەوە، لە ئەنجامی وەڕسی بوونو بێ هیوایی لە دیاردە نیگەتیفەکانی شارستانیی خۆرئاوا، نە ڕەمزییەتەکەی بۆدلێرو رامبۆیە لە ئەدەبی فەرەنسیو ئەورووپیدا، چونکە قوتابخانەی ڕەمزییەت لە ئەدەبی فەرەنسیو ئەورووپیدا لە ژێر کاریگەرێتیی شیعری سۆفیگەراییدا چاوی هەڵنەهێناوە، بەڵکو لە هەلومەرجی جیاوازو لە ئاووهەوای گەشەسەندنی سروشتیانەی قوتابخانەکانی کلاسیكو ڕۆمانتیكو ڕیالیزمدا هاتۆتە کایەوە، جیاوازیی شێوازی ڕەمزییەت لە نێوان ئەدەبی سەر بە سۆفیگەرایی کوردیو ڕەمزیەتدا وەك ڕێبازێکی ئەدەبی، جیاوازییەکی ڕیشەییو ئۆرگانیو تەکنیکییە، ئەگەر ڕەمزییەت لای بۆدلێرو رامبۆ شێوازی فراوانکردنی واتاو دەستەواژەی نوێ بێت، لە نێوان دۆزینەوەی ئەرکی داهێنراوی تازە بۆ بەکارهێنانی جیاوازتری وشەو دەستەواژەو زمانەوە، دیارە لە شیعری کوردیی سەر بە تەسەوفدا ئەرکێکی ترو دنیایەك مەبەستی تری لە پشتەوەیە، هۆنراوە کەم وێنەو چاو قرژاڵەکانی مەولەویو خانیو مەحویو مەلای جزیری، ئەو باخچە ئاڵو واڵایانەن کە قردێلەی تەسەوفیان داوە لە بسکیانو هێندەی تر تەڕو سەوزو ئاوەنیا کەوتوونەتەوە.

خاڵە ناوکۆییو هاوبەشەکانی نێوان شیعرو تەسەوف فرەنو دەتوانم ئەوەش بڵێم کە رەگەزە بنەڕەتییەکانی شیعر لە گەلێ شێوازو رەنگو ڕووناکیو سێبەری جیاجیا، لە پانتاییەکانی ئەرکو رێبازی تەسەوفدا یەك دەگرنەوەو ئاوێتە دەبن، ئەگەر عەشقو خۆشەویستی رووبەرێکی فراوانی نەك لە شیعری کوردیدا، بەڵکو لە هەموو شیعری جیهانیدا داگیرکردبێت، دیارە ئەو رەگەزی خۆشەویستییە لە هەناوی رێبازی شیعری تەسەوفدا بە گڕو کڵپەیەکی ترو ئاخو سەودایەکی جیاوازتر، مەشخەڵی لێ هەڵئەستێ. پانتایی خۆشەویستیی یەزدانو ئاکارەکانیو تەجەللای حەقیقەتی ژیانو گەردوون لە هۆنراوەکانی جەلالەدینی رۆمیو فەریدەدینی عەتارو حافزو خەیامو حەلاجو ئیبن فاریز، بەڕوونی دەردەکەوێتو بە شیرازەی دنیابینیی شیعری ئەمانە ناوزەد دەکرێت. لە شیعرەکانی مەحویو مەولەویو مەلای جزیریو خانیدا بلاّچە شیعری ئەشقو ئەوینی ئەوتۆ دەبینین، کە دنیای خامۆشیو تاریکی دڵو دەروون بەجۆرێك دەهەژێنێو سەرسامی دەکات لە جێگای تیارامانو دەشێت خوێندنەوەی جۆر بەجۆری بۆ بکرێتو چوارچێوەی شیاوی خۆی بۆ بدۆزرێتەوە. ئەگەر وەسفی سروشت تانوپۆی هۆنراوەی رۆمانتیك بێت نەك لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵکو لە هەموو ئەدەبی جیهانیشدا، دیارە رامان لە جوانییەکانی سروشتو وردەکارییەکانی ئەدگاری خوا، گەلێك جاران مێشکی سۆفییە گەورەکانی هەژاندووە، واتە لە خاڵی گرنگیدان بە جوانکاریو نهێنییەکانی سروشتدا، جارێکی دی شیعرو سرووتەکانی سۆفیگەرایی ئامبازی یەك دەبنەوەو لە رۆحی بێ پەرواى یەکدیدا دەتوێنەوە. ئیبن شبل دەڵێت: (قل للارض من شق انهارك وغرس اشجارك وجنى ثمارك فأن لم تجبك بيانا اجابتك اعتبارا..)، واتە دەشێت مرۆڤی بەهرەمەند بەمیهرەبانیو نهێنیی دەسەلاّتەکانی خودا بکاتو بەهرەمەند بێت، لە رێگای رامان لە جوانیو وردەکاریو دیمەنە سەرسامکەرەکانی سروشتەوە، نەك هەر ئەمەندەش، بەڵکو هۆکارێکن بۆ سەلماندنی تاکمەندێتیی یەزدانو دەسەلاّتە رەهاو بێ سنوورەکانی.

لەو هۆنراوانەی کە مەولەوی لە رێگای وەسفی سروشتەوە، تواناو تەجەللاکانی خوداوەند وێنا دەکات، دەشێت چاو بە دلۆڤانترین هۆنراوەی سەر بە وەسفی سروشتدا هەڵبهێنین، واتە وەسفی جوانییەکانی سروشتیی کوردستان هەمیشە لای مەولەوی ئامیتەی دنیابینیی بیرو سۆزە گەرموگورەکانی دنیای بیری تەسەوفە، ئەگەر خەیاڵی فراوانو داهێنەر بەردی بناغەی شیعری نەوازەی کوردی بێت، دیارە هەمان ئەو خەیاڵو سۆزو عەشقەیە کە سۆفییەکان دەخاتە دنیای حاڵو هەڵچوونو جەزبەوە، بەڵام بە ئاراستەیەکی ترو وێناو جیهانبینییەکی جیاوازدا.

وەسفکردنی مەیو پیاڵەو خەیاڵە ناوازەو رۆمانتیکییەکانی دنیای نۆشینو خواردنەوەی حەلاجو خەیامو ئیبن فاریزو حافز، تاڵییەکی گڕژو قایمی ترە، کە شیعرو دنیای قووڵی سۆفیگەرایی شەتەك دەدات، سەرنج بدەن لەو چرکەساتەی کە مەولەوی خەراباتو عەشقو خورپەکانی دەروونو ترپەی دڵو مەی تێکەڵ دەکات، چ هۆنراوەیەکی سەرتەڵ لە دنیای نەمریدا دەنەخشێنێ، ئەو کاتە ناسكو پڕ لە ئیلهامەی کە مەحویی رەندو مەلای جزیری نوێژێك لە دەیری عەشقا دادەبەستنو مەیی حەقیقەت نۆش دەکەنو بە تەجەللای نوری یەزدانی سەرخۆش دەبن، چ داهێنانێکی نەمر رائەهێڵنە باخچەی شیعری کوردییەوە.

شیعر لە چرکەساتەکانی داهێنانیا گەڕانە بەدوای حەقیقەتدا، کەشفکردنی ئەو دوورگەو دنیا نەزانراوانەیە، کە هەمیشە مرۆڤی تووشی سەرسامیو رامان کردووە، لە چرکەساتی لەدایکبوونی هۆنراوە نەمرەکاندا گەردوون ژان دەیگرێت، هاوکێشەکانی بوون یەکلا دەبنەوە، دیارە دنیای پاکژی سۆفیگەرایی، هەڵقرچاو بە تەجەللای یەزدانی هەر هەمان گەڕانە بەدوای نهێنییەکانی یەزداندا، کە دەشێت بەشێکی فرە لەم نهێنییە لە هەڵسوکەوتی مرۆڤدا خۆی بەرجەستە بکات.

سەرنجێکی وردی بەرهەمەکانی مەلای جزیریو مەحویو مەولەوی دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە

ڕێبازو ئەندێشەو خوتورەی سۆفیگەرایی، بە هەموو وێناو قووڵداچونییەکانییەوە کاریگەرییەکی بەرچاوی داناوە لەسەر بەرهەمی ئەم شاعیرانە، واتە جۆگای خوڕو چاوی قرژاڵیی تەسەوف بەخوڕ ڕژاوەتە سەر لێرەوارو باخچە ئاڵووالاکانی شیعرو هێندەی تر پۆشتەو پەرداخی کردۆتەوە.

دنیای پان‌و بەرینی شیوەننامەکانی مەولەوی لەمەڕ عەنبەر خاتوون‌و کوڕەکەی مەحمودی یاروەیس‌و ئامینەخانی کەیخەسرەو بەگ سەرڕێژن لە بیرۆکەو حنورەو فەلسەفەی عەدەم‌و بێ مروەتی دنیاو ئەو هەمە ئەنتۆلۆژیانەی، کە هەمیشە گریان لە خاشاکی دڵی بەردەدەن‌و هۆنراوەیەك بەرهەمدێنن، کە دەشێت بە ئاوێنەیەکی باڵانمای شیعری کوردی دابنرێت.

کاریگەرێتیی ڕێبازی سۆفیزم‌و بیرۆکەی بێ بایەخی‌و رژدی کایەکانی تەمەن لە لایەك‌و ژاکانی گەڵاکانی جوانی‌و هەڵوەرینی هیواو ئاواتە کاتییەکان‌و رەفزکردنی روتبەی جەمال و...هتد، بەجۆرێك لای مەحوی رەنگی داوەتەوە، کە بەشێك لە شیعرەکانی کردۆتە بڵندگۆی سەرخەتمەی ئەڵقەی زیکرو رابیتەی سۆفییەکان‌و لە پەنای ئەم مەبەستو خولیایەشدا ناوازەترین داهێنانی بەرهەمهێناوە لە ڕووی فۆرم‌و ئاهەنگ‌و ستاتیکەکانی دنیای رەوانبێژییەوە.

لە دواجاردا حەز دەکەم ئەم تێبینییەش بڵێم: ئەو هۆنراوانەی کە ڕێبازو بیرۆکەو سۆزو سووتی سۆفیگەرایی بە زەقی تیا دەردەکەوێت، دەوڵەمەندترین هۆنراوەی مەحوی‌و مەولەوی‌و مەلای جزیرین، دیارە هۆکارەکانیش فرەن‌و هەر لەو خاڵەدا یەك دەگرنەوە، کە ستاتیکای داهێنانەکانی هەردوو بوارەکە، واتە (شیعر-تەسەوف) بەجۆرێك ئامێتەبوون، کە توخمێکی نوێی ئەوتۆیان داهێناوە جێگای سەرسامیی مرۆڤەو دەشتوانین لەم ئاستەدا بڵێین هەم شیعرەو هەم تەسەوفەو هەم پانتاییەکی بەربڵاوی سیحرو جوانی‌و رەمزی مرۆڤی خاوەن داهێنانە. با ئەوەش نەبوێرم، کە لەبەر نەبوونی دیوانە شیعرییەکانی مەولەوی‌و مەحوی‌و مەلای جزیری لەبەر دەستما نموونە بۆ شیتەڵکاری‌و لێکۆڵینەوە بەکار نەبراوە، هەرچەندە بابەتەکەش بۆ خەڵکێکی تایبەتمەندەو قورسکردنی بۆچوونەکانیشمان بەنموونە، چەردەیەك لە باسکردنی راستەوخۆو گەوهەری بابەتەکە دووردەخاتەوە.



## نەبەز هەورامی:

### تەرزێك لە تەسەوف هەیە لە ئایینەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، هەشە لە دەرەوەی بازنەی ئایینەوەیە..

تەسەوف وەك دیاردەیەك کە بەرهەمی بیرو ئەندێشەی مرۆیە، وێنەو فۆرمی جیاواز جیاوازی هەیە، ئاسان نییە بتوانین یەك جۆر پێناسە بۆ تەسەوف بکەین، پێناسەکان بەپێی هەر ڕێبازو تەریقەتێکی تەسەوف دەگۆڕدرێن، ئەگەرچی هەموو ڕێبازو تەریقەتەکان لە چەند خاڵێکدا بە یەك دەگەنەوە، لە پۆلێنکردنێکی سادەو سەرەتایی تەسەوفدا دەتوانین بڵێین:

تەرزێك لە تەسەوف هەیە لە ئایینەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، تەسەوفیش هەیە لە دەرەوەی بازنەی ئایینەوەیە، ( ئەگەر چی رواڵەتی و بێبنەمایە)، تەسەوفێك هەیە هەڵقوڵاوی ناو ئایینی ئیسلامە،

تەسەوفیش هەیە لەودیو تخوبەکانی ئیسلامەوەیە، واتە لە ئایینەکانی دیکەوە شوناسی وەرگرتووە. تەسەوفی ناو فەزای ئیسلامیش دەیان تەریقەتی لێك جودای لێکەوتۆتەوە، هەر لە کوردستانی ئێمەدا دوو تەریقەتی سەرەکی هەن (نەقشبەندی و قادری) ئەم دوانەش لای من هەریەکەیان دوو وێنەی جیاوازیان هەیە. وێنەی یەکەم: تەسەوفێکی هۆشیارانە، کە دەشێ بڵێین لە قۆناغێکدا ڕێبازێك بووە بۆ ئایینداری، ئەو ڕێبازەی کە (مەحوی) بە تەریقەتی هودا ناوی بردووە:

**ڕێگەی هودا تەریقەتی عیشقە دە مەحویا**
**وەرن و پیا بڕۆن و (صلوا علی الرسول)**
**هەر ئەم تەریقە بوو بە هەموو صەحبی گرتیان**
**ڕۆیین پیا هەتا گەینە مەرتەبەی وصول..**

ئەم تەسەوفە هۆشیارانەیە (بە هەردوو تەریقەتەکەیەوە) لە ڕۆژگارێکدا هەیمەنەی بەسەر زۆر لە کایەکانی ژیاندا هەبووە، هێندێ لە شێخانی ئەم ڕێبازە لە یەك کاتدا هەم ڕەمزی ئایینی بوون، هەم سیمبولی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی، وەك شێخی پیران و نەهری و شێخ مەحموود، هەیانبووە هەم پیرو مورشید بووە، هەم زانا وەك مەولانا خالیدو شێخی زیائوددین و کاك ئەحمەدی شێخ و شێخی نۆدێ، هەروەها ئەم ڕێبازە کۆمەڵێ پیاوی مونەوەری هەڵخستووە، وەك: مەحوی و مەولەوی و...، پاشان ئەم فۆرمە بەرەبەرە پاشەکشێی کردووە.

هەر لە پاڵ ئەم فۆرمەدا، فۆرمێکی دی لە تەسەوفی شێواو خۆی نواندووە، ئەمیش شێخ و مەلاو موریدی خۆی هەبووە، بەڵام خاڵی بووە لە عیشق و لە ڕووی بنەماو عەقیدەوە پڕ لە خڵتە و لە ڕووی مومارەسەوە پڕ لە بیدعەکاری و لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە کاریگەر بووە لەسەر بەرهەمهێنانی چینایەتیی و.... لەڕووی سیاسیشەوە زۆربەی کات داردەستی دەسەڵات بووە، شۆێنکەو توانیشی ڕەشە خەڵکی نەخوێندەواری لە خشتەبراو یان کەسانی پایە پەرست، پیرو ڕێبەرانیشی کۆلکە خوێندەوارو زێتر کەسانی فریودەر بوون. مەحوی زۆر بە توندی ڕووبەڕووی ئەم شێوە سۆفیگەرییە بۆتەوە و قەڵەمی بە ڕوودا بەرزکردۆتەوە:

**ریشێکی پان و، تووکی بناگوێ درێژو لوول**
**سۆفی لە دینی لادە، بە دیمەن لە جوو دەکا**
**ئەشکەوتی بایەکە دەمی واعیز کە دێتە وەعز**
**وەقتی سوکووتی نەقشی سمێڵی لە قوو دەکا**

یان:

**شێخێ هەمەوەندێکی دەدا پەندو نەسیحەت**
**ئەو قوربەسەرەی دابووە بەر فەحش و فەزیحەت**
**خۆش هاتە جواب و وتی: تۆ حەقتە، فەقەت من**
**قوتتاعی تەریقم، نەکو قوتتاعی تەریقەت**

ئەم فۆرمەیان ئەگەرچی بە کزی و گۆشەگیرییش بووبێت تا ئێستاش بەردەوامیی بە خۆی داوە، بەڵام بە گشتی هەنووکە هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشی لە دەرەوەی کوردستان ئامادەییان زێترە تا ناو کوردستان، دیارە ئامادەییەکی گۆشەگیرانەو دوور لە هاتنە نێو کایەکانی ژیانەوە.

**پێوەندیی نێوان شیعرو سۆفیگەری:**

شیعرو تەسەوف یان عیرفان، لەوەتەی هەن دوو فەزای لێکچووبوون، شیعر هەمیشە چۆتەوە سەر ڕێگەی عیرفان و عیرفانیش چۆتەوە سەر ڕێگەی شیعر. هەمیشە شیعر بۆ سۆفی باڵی فڕین بووە بەرەو مەعشوق، لە ماڵی شیعردا سکاڵای فیراقی کردووەو ساتە چێژبەخشەکان و لەززەتی عوروجی گێڕاوەتەوە. شاعیرە گەورەکان ئەگەر سۆفیش نەبووبن بەمانای تەسەوفی ئیسلامی خەڵوەت و لەحەزاتی سۆفیانەیان هەبووە یان لەژێر کاریگەریی ئەدەبی سۆفییانەدا بوون (وەك سوهراب و ئەدۆنیس و...لە کوردیشدا.. لەتیف هەڵمەت و موحەمەد عومەر عوسمان و..)، عاریفە گەورەکانیش ئەگەر وەك شاعیری ناوداریش نەناسرابن، لە دونیای شیعرەوە نیزیکبوون و بەرهەمیان شیعریەتی لێ ڕژاوە (وەك سەعیدی نورسی و ئەحمەدی موفتی زادە)، بە گشتیش سالیکانی ڕێگەی سۆفیگەری، خوێندن لە حوجرەکانی شیعرداو... لەبەرکردنی و گوێلێگرتنی بەشێك بووە لە خولیایان...، بە شیعر

تەژنەیی دڵی خۆیانیان شکاندووەو لەگەڵیدا بە جۆش و خرۆش کەوتوون یان کردوویانە بە گۆرانی. هەموو ناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی هەورامان و لورستان گۆرانیی عیرفانی و سۆفیانەیان هەیە.

ئیمە پێوەندییەکانی نێوان شیعرو تەسەوف لەم چەند خاڵەدا دەبینین:

**(روئیا ) جیهانبینی:**

تەسەوف بەرلەوەی رێبازی تەزکییە بێت، روئیاو جیهانبینییە، جیهانبینییەك كە لە جیهانبینیی ئایینییەوە سەرچاوەی گرتووە. لە روئیای سۆفیانەدا دونیا فیراقە لە مەعشوق و زیندانە بۆ گیان، فرەتر لەوەی کە ئیسلام زەمی کردووە، تەسەوف زەمی دونیای کردووە. پێوەندیی سۆفی یان عاریف بە خوداوە پێوەندیی نێوان عاشق و مەعشوقە، مرۆڤ و سروشتیش بە جوانییەکانیانەوە بە جیلوەی ئیلاهی دەزانن. شیعریش هەمیشە روئیاو جیهانبینییەك لەودیویەوە ئامادەیی هەیە. شیعر بەبێ روئیا کائینێکی بێگیانە. جا ئەو روئیا سۆفیانەیەش روئیای زۆر لە شاعیرانی کورد بووە، لێرەوە پێوەندییەکە لە نێوان شیعرو عیرفاندا دەستپێکردووە.

**خەون بە دونیایەکی دیکەوە:**

گوتمان سۆفی دونیای بەلاوە غوربەت و زیندان و فیراقە، دونیای راستەقینەی ئەو مەنزڵی وەسڵ و ماڵی مەعشووقە، بۆیە سۆفیگەری گرتنەبەری رێگەی وەسڵە، بە نێو هەورازو نشێوی حاڵ و مەقاماتدا... تا گەیشتن بە جیلوە و مەقامی فەنابوون لە مەحبببەتدا و دواجار وەسڵ و سووتان بە نووری مەعشوق:

**کێوی غەم، وادی جەفا تەیکردنە ئەشراتی عیشق**
**باکی هەورازو نشێوت کەی دەبێ گەر رەهرەوی..**
**مەحوی**

ئەمە بێجگە لەوەی لە ئیسلامدا بە گشتی و لای ئەهلی عیرفان بە تایبەتی، رۆح کائینێکی ئاسمانییە و بۆ ئەوێش دەگەڕێتەوە، بۆیە دەبێ لەسەر زەوی ژینگەو کەشوهەوای ئاسمانیانەی بۆ بخوڵقێندرێت، تابتوانێ لەو غوربەتەدا هەناسە بدات،، ئاو و نان و خوان و خۆری سەر ئەم زەوییە برسێتی و تەژنەیی رۆح ناشکێنن، رۆح لە باغاتی عەدەنەوە هەناسە وەردەگرێ و لە کەنار دەریای مەحەبببەتدا ئاو دەخواتەوە و خۆری نووری ئیلاهی سەرچاوەی رووناکییەتی، نەك ئەم خۆرە. کەواتە دونیای سۆفی ئاوهایە، بە تەنیا بە شتە دونیایییەکان ناژی....

لای زۆرێك لە ئەدیبانی گەورەش، رۆمان و چیرۆك و شیعر گەرانە بە دوای دۆزینەوەی دونیایەکی دیکەدا، یان هەوڵدانە بۆ خوڵقاندنی دونیایەك بەدەر لەم دونیا شێواوە، بۆ نموونە (رۆمان و شیعری بەختیار عەلی، یان دونیای هێندێ لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن) هەمیشە لەو گەڕانەدان یان لە خوڵقاندنی ئەو دونیایەدان..

**یاخیبوون:**

تەسەوف لە وێنە راستەقینەکەی خۆیدا یاخیبوونە، یاخیبوون لە ژیانێ کە تێیدا دونیا و ماددە دوا سنووری روانین و رامانە. یاخیبوون لە ژیانێ کە ئاسان نییە مرۆڤ تێیدا بە خەونەکانی بەختەوەری بگات، کە تێیدا کەرەستەکانی ژیان بوون بە ئامانج و مەرگ و عەبەسیەت مانای نەمری و جاویدانییەتی ونکردووە، بەگشتی شتەکان لە وێنەو مانای دروستی خۆیان خاڵییبوونەتەوە، تەنانەت دینداریی‌و دەسەڵاتی دیینیش. زۆربەی شاعیرانیش هەمیشە یاخییانە مامەڵەو هەڵسوکەوتیان کردووە، یاخیبوون لە ژیانی (باو) و نا عەدالەتی و ستەم، ئەمە بێجگە لەوەی شیعر خۆیشی یاخیببوونە لە نووسینی ئاسایی و لە زمان، بەڵکو تێکشکاندنیشیەتی، (مەحوی) هەم وەك عاریفێکی گەورەو هەم چوون لوتکەیەکی بەرزی شیعری سۆفیانە، هەمیشە ناخی پڕبووە لە یاخیببوون، یاخیببوون لە دەوروبەر و دەسەڵات و سیستمی کۆمەڵایەتی و دەزگای تەقلیدیی دیینی و دیینداریی بێگیان و پڕ لە ریاکاری، تەنانەت یاخیبوون لە تەسەوفیش لەو فۆرمە شێواوەیدا کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێیدا.

**یارو خۆشەویست یان مەعشوق:**

هەموو سووتان و کڕوزانەوەیەکی سۆفی بۆ دووریی یار و دیداری مەعشوقە، گڕی عیشق لای ئەمان

هەمیشە بە کڵپەیە، شیعریش هەمیشە بە دەوری ماڵی یاردا تەڤگەڕیەتی، جا یار لای هەر شاعیرێ ناوو ماناو مەنزڵی تایبەتی خۆی هەیە.

**ئیستاتیکا فۆرم:**

تەسەوف جیهانێکە کەیلە لە جوانی، بە هەر لایەکیدا دەروانی نوورو گەشاییە، چاوی سۆفی هەمیشە تەژییە لە جیلوەی جوانیەکانی خالیق، ڕێگەی عوروجکردنی پڕە لە دیمەنی دڵگر، چونکە ڕێگەی ئاسمان و بەرزبوونەوەیە، حاڵ و مەقامەکان هەریەکە بۆ خۆیان تا لێیان وردبیتەوە جوانییان لێدەڕژێت، هەروەها دونیای تەسەوف پڕە لە ڕەمزو بەسەرهاتی عیشق، بە گشتیش ئەدەبی سۆفی پڕە لە کەرەستەی موناجات و بانگکردنی مەعشوق و خۆتواندنەوە لە ئاستیانەیدا، هیچ سەیریش نییە تەسەوف دارای ئەو هەموو جوانیانە بێت، چونکە فەزای ئایینی بەتایبەت فەزای قورئان لێوانلێوە لە شیعریەت، ئەدۆنیس دەڵێ: «دەقی سۆفی پەخشانە شیعرە، بەر لە ناولێنان سوریالیزمە، لە کەلەپووری عەرەبیدا زۆر شت بەر لەوەی ناوی لێبنرێ هەبووە» هەروەها دەڵێ: «ڕەگی پەخشانە شیعر سۆفیزمە، سۆفیزم فێری ئەوەی کردووین بە جۆرێك دەق بخوێنینەوە وەك ئەوەی دەریایەك بێت، وەك جوڵانەوەیەك، کە دەچێتە نێو ئەو دەقەوە، وەك ئەوەیە بچیتە نێو ئاسۆیەکەوە» ئەدۆنیس لە (النص القرانی و افاق الکتابة)و ژمارەیەك لە چاوپێکەوتنەکانیدا ئەم بۆچوونانەی بە ڕوونی دەربڕیون.

کەواتە وەك چۆن گوتمان سۆفیگەری ڕوئیایە، دەبێ بڵێین سۆفیگەری خوڵقێنەری جۆرێکیشە لە فۆرم و جوانکاری، کە زۆر لە شاعیران توانیویانە تەوزیفی بکەن، چ شاعیرانی سۆفی وەك مەحوی و مەولەوی و وەفایی و... یان ئەوانەی کەشوهەوای سۆفیانە لە هێندێ لە شیعرەکانیاندا ئامادەیی هەیە، وەك (هەڵمەت و موحەممەد عومەر عوسمان و جەمال غەمبارو کەریم دەشتی ودڵشاد عەبدوڵڵاو.... ) یان هێندێ دەقی (فەرهاد شاکەلی)و دەقی (ئیلاهینامە)ی (ئەکرەم عەنەبی) کە لە (٢٠٠٦)دا نووسراوە، نموونەی دەقی نوێی سۆفیانەی تازەن، کە بە کەرەستەی کۆن نووسراون، کەواتە تەسەوف وەك ڕوئیایە فۆرمیشە... شیعریش هەروەها، هەم ڕوئیایە، هەم هونەرو فۆرم.

**خەڵوەت:**

تەسەوف بە گشتی کەنارگیرییە لە دونیاو خەڵوەتکردنە لەگەڵ مەحیببەتی مەعشوق، خۆدوورخستنەوەیە لە کەشوهەوای گوناهاویی دونیا و ڕیابازیی. سۆفی لە خەڵوەتا چاوەڕێی دەرکەوتنی نوور یا ئیشراق و جیلوەیە... شیعریش خەڵوەتە. لەحزەی نووسینی شیعر لەحزەی خەڵوەتکردنە، چاوەڕوانیکردنی ئیشراق و دەرکەوتنی فریشتەی شیعرو دابەزینی ئیلهامی شیعرییە.

**فەلسەفە:**

تەسەوف هەمیشە دەمی لە بابەتەکانی فەلسەفە کوتاوە، واتە وەك لە باسی جیهانبینیدا گوتمان مەسەلە گەورەکانی بوون و ژیان و گەردوون و مردن لای ئەهلی عیرفان بە چاوی تایبەت لێیان ڕوانراوە وهەمیشە بابەتی شیعری سۆفی بوون، شیعریش بە گشتی لە بابەتە فەلسەفییەکان نزیکبۆتەوە یان چۆتە نێویانەوە.

ئەمانە ڕایەڵەکانی نێوان شیعرو تەسەوف، یان عیرفان بوون.

**لە کۆتاییدا:**

دەتوانین بڵێین کەشوهەوای سۆفیانە کەم و زۆر -ئاوێتەی ئەدەبی هەموو نەتەوەکانی جیهان بووەو بەردەوامیش لەم ڕۆژگارەی هەیمەنەی تەکنۆلۆژیاشدا- ئامادەیی هەیە، چونکە چ عیرفان و چ شیعر لە هەوڵی ئەوەدان نەهێڵن بۆشایی ڕەهەندی ڕۆحیی لە پانتایی ژیاندا بسردرێتەوە.

لە کوردستانیشدا بەرە بەرە لەگەڵ ئاوابوونی فۆرمە تەقلیدی و رواڵەتییەکەی تەسەوف، تەسەوفە هۆشیارانەکە بە هۆشیارییەکی زێترەوە تیشکەکانی لە دەرکەوتنەوەدان، دەیەوێ هەناسەکانی عوریان و مەولاناو مەولەوی و مەحوی بۆ نێو فەزای شیعرو نووسین بگێڕێتەوەو کەشوهەوا ئاسمانییەکە بۆ ڕۆح بخوڵقێنێتەوەو لەوێوە تەڕایی بە ژیان ببەخشێتەوە.



## مەلا تەحسین حەمە غەریب:

### لێکچوونێکی سەیر هەیە لەنێوان ئەدەبو ئاییندا، شیعری کوردیش هەر لە سەرەتاوە عیرفانییە!

هیوادارم ئەم بابەتە ببێتە مایەی گۆڕانکاری لە خۆماندا و لەدایکبوونەوەیەکی نوێ بێت بۆ ئێمە، بشتوانین لەم ڕێگەیەوە قووڵتر خزمەت بە پڕۆژەی ڕۆحی و مەعنەوی هەژان بکەین کە ئەمە ئامانجی ئێمەیە. بە بۆچوونی من هەر لێرەشەوە دەتوانین خزمەت بە فیکری کوردی و نەتەوەیی خۆمان بکەین.

لەڕاستیدا بابەتەکانی پێشووتری گۆڤاری هەژانیش لەپێناو خزمەتکردنی ئەم بابەتەدا بوون و زیاتر لەم مەرامە نزیکی کردووینەتەوە، ئەگەرچی مەرج نییە مەرامێکی بەویستا بووبێت و هەر لە سەرەتاوە وامان دانابێت کە بەو جۆرە بکەوێتەوە، بەڵام دواجار ئەو بابەتانەی پێشتریش هەر لە خزمەت ئەم مەرامەدا بوون، بۆنمونە هەرگیز نەدەکرا قسە لەسەر عیرفانی ئیسلامی بکەین، ئەگەر پێشتر باسی فەلسەفەی دین و شەریعەتمان نەکردایە، چونکە دواجار ئەوانە ڕێگەیەك بوون گەیشتن بە ئەم بابەتەی کە لەم ژمارەیەدا بەتەمایین بچینە خزمەتی. بەڵکو ئەو دوو بابەتەی دیکە نوقمن لەناو ئەم بابەتەی ئێستادا، چونکە هەر وەکو عیرفانناسەکان و فەیلەسوفەکانی عیرفان وتویانە کە عیرفان دڵی شەرییعەت و دینە. کە ئەم بەشە جەوهەری دین بۆ خۆی سیمایەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو بەشەکانی دیکەی دین و شەریعەتن کە لەناو ئەمدا غەرقن. کەواتە عیرفان ڕۆحی دینەو قووڵتر لەوەش ڕۆحی سوننەتە دینییەکانە، کە سوننەت گەورەترە لە شارستانییەتیش. لێرەوە هەموو بەشەکانی دیکە لە فەلسەفەو شەریعەت و تەنانەت زانستەکانی دیکەش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە عیرفانەوە هەیە، ئیدی ئەو بابەتانەی دیکە یان پێشەکین بۆ عیرفان یاخود غەرقن لەناو عیرفاندا. بە دەربڕینێکی دیکە بابەتەکانی تر هەمیشە لە پەیوەندییەکی ئاسۆیی یاخود ستونیدان لەگەڵ عیرفاندا.

بەبۆچوونی من ناکرێت لە شارستانییەت و بەتایبەتیش لە شارستانییەتی ئیسلامی و داهێنانەکانی ئەم شارستانییەتە تێبگەین هەتا عیرفان بەباشی نەناسین، بەڵکو ناتوانین لە خودی دینیش تێبگەین ئەگەر عیرفانناسێکی باش نەبین بە قبوڵکردنی ئەو پێشگریمانەیەی کە عیرفان ڕۆحی دینە، تەنانەت بەبێ نەناسینی عیرفان ناتوانین لە خودی مرۆڤیش تێبگەین، کە ئەمەش لە دنیای نوێدا بریتییە لە بۆشاییەك لەناو زانستە مرۆییەکاندا. من لەم بابەتەدا بە پێچەوانەی ڕەوشی نەریتی لە ئارگیومێنت دروستکردندا مامەڵە دەکەم، واتە لەجیاتی ئەوەی لە کۆمەڵێك پێشەکی و دروستکردنی پەیوەندی و چنین لەنێوان پێشەکییەکاندا بگەمە دەرئەنجامێك، ئەوا دوای گەڕانێکی زۆر بەناو ئەو کتێبانەدا کە دەربارەی عیرفان و بابەتە عیرفانییەکان نووسراون، گەیشتوومەتە چەند دەرئەنجامگیرییەك، کە ئەم دەرئەنجامانە دەکەمە سەرەتای باسکردن

دەربارەی بابەتێکی گەورەی وەکو عیرفان و پێشەکییەك بۆ تێگەیشتن لە بابەتە عیرفانییەکان، کە ئەم بابەتە هەڵدەگرێت سەدان کاتژمێر قسەی لەسەر بکرێت و هەزاران لاپەرەی دەربارە بنووسرێت. ئومێد دەکەم خوێنەر بە ئارامی و تاقەتێکی زۆرەوە ببێتە رێبواری رێگەم لەم بابەتەدا، ئەمە سەرەرای ئەوەش خودی ئەم بابەتە بابەتێکی ئەبستراکت و مەعریفیی وشك نییە، بەڵکو دیوێکی زەوقیشی هەیە، بابەتێکە لەهەمانکاتدا گۆران لە خودی مرۆڤدا دروست دەکات. هەر بۆیە لەم بابەتەدا زۆرتر پێویست بە پشتبەستن بە خودا و هاوکاریی پەروەردگار هەیە، کەلەراستیدا دەبێت لە هەژاری خودی مرۆڤەوە دەستپێبکەین لەم بابەتەدا، کە ئێمەی مرۆڤ هەر لە خودی خۆماندا هەژارین و پێویستمان بە خوا هەیە، هەروەکو هەندێك لە فەیلەسوفەکان وتویانە ئەمە رۆحی عیرفانە، کە مومکین لە خودی خۆیدا هەژارە نەك ئەوەی کە هەژاری غەرەزێك بێت هاتبێت بەسەریدا. کە دەرکەوتن و تەجەللابوونی ئەم هەژارییەش بریتییە لە عیرفان، بۆیە پێویستمان بەوەیە لەم هەژارییەوە دەستپێبکەین. لێرەوە دەچمەوە سەر ئەو قسەیەی لە سەرەتاوە وتم، عیرفان رۆحی دینە، لەمەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە خودی عیرفان لە ئەنجامی جوڵانی دین لەناو مێژوودا دەرنەکەوتووە، بەو مانایەی بەرەبەرە پێشەکی و بنەما عیرفانییەکان دروستبووبن و لەگەڵیدا مەکتەبە عیرفانییەکانو عارفە گەورەکان دەرکەوتبن، بەو شێوە مێژووییەی باسیکراوە، بۆ نمونە دەوترێت لەناو ئیسلامدا لە دەرئەنجامی تێکەڵبوونی کۆمەڵگەکان و هاتنەناوەوەی کولتوورو فەرهەنگی کۆمەڵگەی دیکەوە عیرفان و تەسەوف و دواتر عارفەکان و شیعری عیرفانی لەدایکبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە عیرفان هەر لە سەرەتای ئایینەوە هەبووە و لە کەماڵی خۆیشیدا بووە، بەپێچەوانەی ئارگیومێنتە نەریتییەکانەوە، کە لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، واتە ئەگەر دوای دەرکەوتنی دین و لە دەرئەنجامی تێرامان لە دین، فەلسەفەی دین دروست بووبێت.

یاخود شەریعەت و بابەتە فیقهییەکان لە قۆناغی دووەمی شارستانییەتی ئیسلامیدا دەرکەوتبن و دواتر وردە وردە گەیشتبنە کەماڵی خۆیان، ئەوا دەتوانین بڵێین عیرفان هەر لە سەرەتاوەو لە پێش دەرکەوتنی نبوەت و بەپێغەمبەربوونی پێغەمبەری خودا کە لە کەماڵی خۆیدا بووە ئەمە ئەو پارادۆکسەیە کە لە نێوان عیرفان و بابەتەکانی دیکەدا هەیە، هەر ئەم نوکتەیەشە کە زۆرێك لە رۆژهەڵاتناسەکان و ئەوانەی ویستویانە ئیسلام و شارستانییەتی ئیسلامی بناسن لێی تێنەگەیشتوون، کەواتە عیرفان ئەو بەشەی دینە کە هەر لە یەکەم چرکەساتی دروستبوونی دینەوە ئەو حزووری هەیە، ئەگەر نەڵێین ئەمە کە بووەتە هۆی دروستبوونی ئەو ئایینە، ئیدی ئەو دینە ئیسلام بێت یاخود هەر دینێکی دیکە، هەربۆیە هەموو ئەو کەسانەی لەسەر عیرفان نووسیویانە و ئەو کتێبە زۆرانەی لەسەر ئەم بابەتە نووسراون هەموویان لەم نوکتەدا نەیانپێکاوە، کە مامەڵەیەکی مێژووییان لەگەڵ عیرفاندا کردووە، ئەوەیان لەبیر چووە کە عیرفان بە پێچەوانەی بابەتەکانی دیکەوە هەر لە سەرەتاوە بوونی هەبووە.

کەواتە ئێمە پێویستمان بە جۆرێکی دیکە لە عیرفانناسی هەیە و ئەمەش وادەکات کە جۆرێکی دیکە لە دینناسیمان بۆ دروست ببێت، کە ئەمە بابەتێکە هەروەکو وتم خۆی دەکێشێتە ناو هەموو بابەت و زانستەکانی دیکەی شارستانییەت و سوننەتەوە، بەڵکو جۆرێکی دیکە لە ناسینمان بەرامبەر بە هەموو بابەتە دینییەکان پێدەبەخشێت، بەپێچەوانەی هەموو ئەوەی کە پێشتر وتراوە، ئیدی بەم پێشگریمانەیەوە دەمەوێت قسە لەسەر عیرفان بکەم، دەتوانم بڵێم چوار پایەی سەرەکی هەیە کە بریتین لە پێشەکی و پێکهێنەری عیرفان (وەکو نمونەیەك لە شارستانییەتی ئیسلامیدا) کە ئەم چوار پایەیە پێکەوە عیرفانی ئیسلامی پێك دەهێنن و ناکرێت عیرفان کورتبکرێتەوە لە یەکێك لەم چوار پایەدا، دواتر پاش ناسینی هەریەك لەم پایانەش بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم پایانە لەسەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامەوە بوونیان هەبووە، بەپێچەوانەی بابەتەکانی دیکەوە کە دواتر

دەرکەوتوون یاخود وێنەیان دەرکەوتووە، هەروەها بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێك لەو بابەتە عیرفانیانەی لە سەدەکان دەرکەوتوون بریتین لەدەرئەنجامی عیرفان نەك پێشەکی بن بۆ عیرفان. بەپێچەوانەی کە کەسانی دیکە بەو جۆرە خوێندنەوەیان بۆ کردووە، لێرەدایە کە دووبارە پارادۆکسەکە لەم بابەتەدا خۆی نیشاندەداتەوە، ئەو حیلە و مەکرەی کە مەعشوقی راستەقینە لە بابەتە عیرفانییەکاندا لەتەك عارفەکانداو بەڵکو لەتەك هەموو مرۆڤایەتیدا کردوویەتی کە وا دەردەکەوێت ئەمە پێشەکی بێت بۆ بابەتە عیرفانییەکان لەکاتێکدا ئەو دەرئەنجامی عیرفانە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین چوار کایەی سەرەکی بوونیان هەیە لە عیرفاندا کە زۆربەی بابەتە عیرفانییەکان دەچنە ناو ئەم چوار کایەوە. کە هەریەك لەو کایانە ئەوە دەهێنێت سەدان کاتژمێر قسەیان لەسەر بکرێت و هەزاران کتێبیشیان لەناو شارستانییەتدا لەسەر بنووسرێت، کایەکانیش بریتین لەم چوار کایە:

یەکەم: کایەی میتافیزیك، کاتێکیش کە دەڵێین میتافیزیك مەبەستمان تەنها لە فەلسەفەی میتافیزیك یاخود تەنانەت لە حیکمەتی نەمریش (خرد جاودان) نییە، ئەوەی کە سوونەتگەراکان باسیدەکەن، مەبەست لە هیچ یەك لەو بابەتە میتافیزیکییانە نییە بەتەنها کە لە فەلسەفەی کۆن و نوێدا باسدەکرێن، بەڵکو مەبەست لە هەموو ئەوانەشە و زیاتر و قووڵتر لەوەش، لێرەدا میتافیزیك ئەو بەشەی عیرفانە کە هەموو ئەو گرفتانەی لە کایەکانی دیکەی مەعریفەی دینیدا دەرکەوتوون بەم چارەسەر دەکرێن. واتە ئەگەر یەکێك لە کارەکانی دین (بەڵکو سەرەکیترین کاریشی) بریتی بێت لە بەخشینی مانا بە ژیان، ئەوا ئەم میتافیزیکە مانای ماناکانە، شتێکە دەکەوێتە پشتەوەی هەموو مانا سادەو مانا قووڵەکان و چارەسەری هاودژبوونی ئەو مانایانەیە کە لە رووکەشدا دژدێنەوە لەگەڵ یەکتریدا. ئەم میتافیزیکە ئەرکی ناساندنی هەموو بوون و خالیقە، ئەمە حەقیقەتی رەهای دینە، ئەو حەقیقەتەیە کە رۆحی هەموو حەقیقەتەکانی دیکەیە، ئەو حەقیقەتە قووڵەیە کە هەموو کایەکانی دین لەپێناوی ناساندنی ئەمەدا دروست بوون، بەیەك رستە بڵێم ئەمە بریتییە لە (لا اله الا الله). هەر بۆیە زۆربەی ئەو کەسانەی لە لێکۆڵینەوەی عیرفاندا کاریانکردووە وتوویانە وانەی دینی یاخود میتافیزیکی (لا اله الا اللّه) نیوەی عیرفانە. کە بە بۆچوونی من لە نیوەش زیاترە، چونکە مەرامی یەکەمی عیرفان بریتیە لەم میتافیزیکە. ئەگەر شەریعەت رێگاکانی گەیشتن بەو حەقیقەتەمان پیشانبدات و تەریقەتیش گرتنەبەری ئەو رێگەیە بێت، ئەوا خودی حەقیقەت بریتییە لە مەرامی ئەم میتافیزیکییە عیرفانییە، بۆیە هەندێك لە عیرفانناسەکانیش وتویانە عیرفانی ئیسلامی بەتایبەتی عیرفانێکە کە بەشوێن ئەم حەقیقەتەوەیە، هەر ئەم حەقیقەتەش کەی شتە هاودژەکانی پێ چارەسەر دەکرێت. ئایا ئێمەی مرۆڤ بە ئیرادە و ویستی خۆمان دەجوڵێین و کردەکانمان ئەنجامدەدەین یاخود مەجبوورین؟ ئایا شەڕ بۆچی بوونی هەیە؟ ئەگەر خودا خودایەکی دادپەروەر و خێرویستە، بوونی ئەم هەموو شەڕە چییە لە بووندا؟ ئایا پەیوەندیی نێوان خالیق و مەخلوق چۆنە؟ ئایا پەیوەندیەکی عیشقییە؟ ئەگەر پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای خۆشەویستی، ئیدی ترس لەبەرامبەر خالیقدا مانای چی؟! ئیدی هەموو ئەو پرسیارە نەریتیانەی کە ئەمرۆ خەڵکی بە عەقڵی بەڵگەویستیانەی (دەلیل گەرا) لاوازیی خۆیانەوە لەبەردەم وروژاندنی ئەو پرسیارانەدا ماخولانیانەو بۆیان چارەسەر ناکرێت، ئەوا لەم بەشەی دین (عیرفان) دایە، کە گرێی هەموو ئەم بابەتانە دەکرێتەوە، ئایا تەنها زانینی ئەوەی کە خوایەك هەیە وەکو حەقیقەتێکی رەها، بەسە بۆ ئەوەی شوێن ئەو خوایە بکەوم؟ ئایا حەقیقەت تەنها کۆمەڵێك داتا و زانیاریی وشکە یاخود کۆمەڵێك زەوقیات و بزواندنیشی لەگەڵدایە؟ ئایا ئەو حەقیقەتە تەنها زانینێکە کە بە زەین من بیزانم یاخود لەهەمانکاتی زانیندا کوڵان و سووتانیشی لەگەڵدایە؟ هەروەکو مەولانا وتی هەموو قسەی من تەنها ئەمەیە کە کاڵبووم و کوڵام و سووتام. حەقیقەت تەنها زانینێکی رووت نییە، بەڵکو لەگەڵیشی گەرمبوون و داگیرسان هەیە. بە تەعبیرە قورئانییەکە،

ئایا حەقیقەت تەنها عەقڵە یاخود فوئادیشە؟ بەو مانایەی کە لە زمانی عەرەبیدا فوئاد لە فەئەدەوە هاتووەو فەئەدەش بەمانای داگیرسان بێت. ئایا خودی مەعریفە چییە؟ ئەگەر مرۆڤیش کورت بکەینەوە بۆ مەعریفە (هەروەکو بۆچوونی زۆرێك لە فەیلەسوفەکان بەم جۆرەیە) ئایا پەیوەندیی نێوان مەعریفە و ڕۆح چۆنە؟ ئایا ناتکرێت مەعریفە و ڕۆح ببنەوە بەیەك؟ ئایا پەیوەندیی نێوان مەعریفە و عیشق چییە؟ ئەمانە ئەو پرسیار و بابەتانەن کە ڕووبەرێکی زۆری کتێب و بابەتە عیرفانییەکانیان داگیرکردووە، کە دەچنە ناو کایەی میتافیزیکی عیرفانەوە، کە بەبۆچوونی من ناکرێت کەسێك عیرفانناس بێت و لایەنی کەم هۆشیار نەبێت بەرامبەر بەشتێکی زۆری ئەم میتافیزیکە، کتێبە زۆرەکانی ئەم قۆناغەی باش نەخوێندبێتەوە و نەیناسیبێ، ئەو کاتەی کە زمانی عارفەکان بە بێدەنگی ئەمەیان بەیان کردووە کە بەبۆچوونی من هەر لە سەرەتاوە لە سەردەمی خودی پێغەمبەری خودادا و لە سەردەمی هاوەڵان و شوێنکەوتووانیدا بوونی هەبووە، بەڵام دواتر کە زمانیان پژاوەو ئەم میتافیزیکە لە کە اڵی خۆیدا لەلایەن کەسانێکی وەکو مەولانای ڕۆمی و ئیبن عەرەبی دەرکەوتووە، کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت فەلسەفەی عیرفان یاخود میتافیزیکی عیرفانی، ئەوەی کە لە کتێبە عیرفانییەکاندا بە (وحدە الشهود) و (وحدە الوجود) باسیکراوە یاخود بە (وحدە المطلق) لای ئیبن سەبعین باسکراوە، لێرەوە بۆ کەسێك بیەوێت عیرفان بناسێت ئەوا بەشی یەکەم (پایەی میتافیزیکی عیرفان) شتگیرترین و وەڵامگۆترینی بەشەکانی عیرفانە لە بەرامبەر پرسیارەکانی مرۆڤ.

ئەو هەموو وەهشەت و حیرەتەی لە عیرفاندا دەردەکەوێت ئەم بەشە میتافیزیکییە وەڵامگۆیەتی کە هەم تەفسیری دەکات و هەم مرۆڤیش دەبزوێنێت، هەر لەم بەشەشدایە کە دەردەکەوێت مەعریفەی مرۆیی، ئەو مەعریفەیەی کە جیلوەو ڕەنگدانەوەی مەعریفەیەکی ئیلاهییە، هەم توانای ناساندنی شتەکانی هەیە بۆ مرۆڤ و هەم قابیلی گۆڕینی مرۆڤیشی هەیە، ئەمە ئەو بەشە گەورەیەی عیرفانە کە دەکرێت زۆر زیاتر و وردتر قسەی لەسەر بکەین هەتا خوێنەری کوردیش (کە دەزانین لەم بابەتەدا هێشتا خامە و کەرەستەی پێویستی لەبەر دەستدا نییە) بتوانێت باشتر لەم بابەتە تێبگات. هەروەها زۆربەی ئەو کەسانەش کە لەسەر عیرفانیان نووسیوەو مامەڵەیەکی مێژوویيان لەگەڵ ئەم بابەتەدا کردووە، کە هاتوون مەکتەبەکانی وەکو تەسەوف و زوهدیان لە عیرفان جیاکردووەتەوە، هەر لەبەر ئەوە بووە کە لەم نوکتەیەدا تێنەگەیشتوون.

دووەم: کایەی دووەم بریتییە لە هونەری عیرفانی (هونەری موقەدەس). ئایا هونەر خۆی چییە؟ پەیوەندیی نێوان هونەر و دین چییە؟ ئایا پەیوەندیی چییە لەنێوان هونەر و شارستانییەت یاخود لەنێوان هونەر و مرۆڤدا؟ بۆچی عارفەکان جوانترین بەرهەم و جێکەوتی هونەرییان لەدووای خۆیان بەجێهێشتووە؟ بەتایبەتی لە شارستانییەتی ئیسلامیدا لە نمونەی هونەری بینراو و بیستراو، یاخود هونەری بێدەنگی کە بەشێکی گەورەی هونەری ئیسلامییە، کە ڕۆحی ئەم هونەرە لە شارستانییەتی ئێمەدا نەناسێنراوە، لەبەر ئەوەی بە بەشێك لە عیرفان نەزانراوە، لەکاتێکدا دەتوانین هەموو ئەو بنەمایانەی کە لە عیرفانی نەزەری و میتافیزیکیدا بوونیان هەیە و باسیان دەکرێت، بەهەمان شێوە لە عیرفانی وێنەیی و هونەریشدا بیاندۆزینەوەو بوونی ئەو بنەمایانە بسەلمێنین، لێرەشەوە دەتوانین ئەو هەڵەیە ڕاستبکەینەوە، کە زۆرێك لە دینییەکان هەمیشە مەسەلەی هونەریان لەناو بازنە فیقهییەکەدا باسکردووە، بۆ نمونە مەسەلەی ئەوەی کە بۆچی هونەری پەیکەرتاشی لە ئیسلامدا بوونی نییە ؟ یەکسەر بۆ وەڵامی ئەمە گەڕاونەتەوە ناو فیقە و ڕێساکانی شەریعەت و وتراوە کە فەرمان بە حەرامبوونی کراوە، بۆیە ئەم هونەرە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا بوونی نییەو شاراوەیە، بەڵام ئەگەر ئێمە هونەر بە بەشێك لە عیرفانی ئیسلامی بناسین و بتوانین بنەماکانی عیرفان لەناو هونەردا بناسینەوە، ئیدی بۆمان دەردەکەوێت کە شاراوەیی و نەبوونی دیاردەیەکی لەو جۆرە (هونەری پەیکەرتاشی) هەرگیز لەبەر فەتوایەکی فیقهی نەبووە، ئەگەرچی ئەو حوکمە لە خودی قورئانیشدا بووبێت

یاخود پێغەمبەری خوا فەرموبێتی، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە کە لە ڕۆحی عیرفانی شارستانییەتی ئیسلامیدا شیمانەی ئەوە نەبوو کە هونەری پەیکەرتاشی لەخۆ بگرێت، لەکاتێکدا ئێمە چەندین هونەری گەورەی ترمان بینیوە، کە لەم شارستانییەتەدا دەرکەوتوون، کە چەندین فەیلەسوفی گەورەی دیکەمان بینیوە، کە لەم شارستانییەتەدا دەرکەوتوون، چەندین فەیلەسوفی گەورەی وەکو بوکهارت زۆربەی تەمەنی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە لە هونەری ئیسلامی تەرخانکردووە، ئیدی ئەم هونەرە هەر لە پەرستش و سرووتە ئایینییەکانەوە بیگرە تا دەگاتە شیعرو زمانی ڕاز ئامێزی عارفەکان و هونەرە دەنگییەکانی وەکو خوێندنی قورئان و هونەرە بینراوەکانی وەکو عیمارە و شارە جوانەکانی جیهانی ئیسلامی و هەروەها ئامادەیی مرۆڤ بەشێوەی مرۆڤ لە هونەری ئیسلامیدا، کە هەموو ئەمانە لە خۆیاندا هەڵگری بنەمایەکی عیرفانین، لەبەر ئەوە بە بۆچوونی من تا ئێستا هونەرناسییەکی باشمان نەکردووەو بنەما عیرفانییەکانی ناو هونەرێکی ڕەسەنمان کەشفنەکردووە، هەربۆیەش نەمانتوانیوە هونەری ئیسلامی زیندووبکەینەوە، بەڵکو لاسایی هونەرەکانی دیکەمان کردووەتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ئێمە بە ڕۆحێکی قوڵی عیرفانی مامەڵەمان لەگەڵ هونەر نەکردووە، بەڵکو هاتووین هونەرمان بردووەتە ناو بازنەیەکی ئیرادەییەوە بۆ مامەڵە لەگەڵکردنی، واتە وەکو شتێك کە بتوانیت بیکەیت یاخود نەیکەیت! بە مانایەکی دیکە فیقهیانە مامەڵەمان لەگەڵ هونەر کردووە.

وردتر بڵێم هاتووین ڕووخسار و ناوەڕۆکی هونەرمان لەیەکتر جیاکردووەتەوە، واتە ئەمڕۆ بۆ نمونە ئیسلامییەکان بەو جۆرە تێگەیشتوون کە دەکرێت ئەم دووانە لە یەکتر جیابکرێنەوە، بەو مانایەی کە فۆرمێکی هونەریی عیلمانی بێنن ناوەڕۆکێکی ئیسلامیی پێببەخشن کە دواتر دەردەکەوێت بێجگە لە لاساییکردنەوەیەکی زۆر سادە شتێکی دیکە نییە. ئیدی ئێمە لەوە تێنەگەیشتووین کە یەکەی هونەر بریتییە لە وێنە، چ وێنەی بینراو بێت یاخود وێنەی بیستراو، کە خودی وێنەکە ناوەڕۆکەکە پیشاندەدات نەك ناوەڕۆکەکە لەناو وێنەکەدا بێت. ئەمە ئەو هەڵەیەیە کە ئەمڕۆ فیکری دینی پێوەی گرفتارە لەتەك مامەڵەکردنیدا، لەگەڵ بابەتەکانی هونەر، لەو ڕاستییە تێنەگەیشتوون کە چۆن دەکرێت لە زماندا حەقیقەتە عیرفانی و کەونییەکان پیشانبدرێن، بەهەمان شێوە دەکرێت لە هونەریشدا ئەو حەقیقەتانە تەجەللا بکەن. هەر لەبەر ئەوەشە نەیانتوانیوە لە هونەری ئیسلام تێبگەن و نوێکاریی تێدابکەنەوەو هونەرێکی نوێ بخوڵقێنن، چونکە هونەری ئیسلامی بەشێکە لە ڕۆحی عیرفانی ئیسلامی و کایەیەکی گەورەی عیرفانی ئیسلامییە، هەتا بەم تێنەگەیشتن و ڕۆحەشەوە مامەڵە لەگەڵ هونەری ئیسلامیدا نەکەین، ئەوا ئەوەی لەوەوپێش بوونی هەبووە دەفەوتێت و وێران دەکرێت، هەم لەوەودواش ئەوەمان بۆ ناکرێت.

سێیەم: کایەی سێیەم بریتییە لە ئەخلاق، کە زۆرجار لە کتێبە کۆنەکاندا کاتێك باسی ئەم کایە کراوە، لەگەڵ تەسەوفدا کراوەتەوە بەیەك شت یاخود لەبەر گرنگیی ئەم کایە خودی عیرفان کورتکراوەتەوە بۆ ئەخلاق.

هێندەی خوێندنەوەو بەدواداچوونم هەبووە لە سەرچاوە دینییەکانداو ئەو بابەتانەی کە تائێستا بەردەست کەوتوون، سەبارەت بە کولتوور و فەرهەنگی ئیسلامی، ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە بابەتی ئەخلاق لە هەموو زانستێك لە زانستەکانی شارستانییەتی ئیسلامیدا ئامادەیی هەیە، ئیدی لە ئەبستراکترین زانستیانەوە کە بریتیە لە فەلسەفە، تا دەگاتە کردەییترین و دینیترین زانستیان، کە بریتییە لە فیقە. لە هەموو ئەم بابەتانەدا ئەخلاق ئامادەییەکی سەرەکیی هەیەو پێوەری ڕاستەوخۆی هەموویانە، هەر بۆیە لای خۆم بیرم لەوە کردووەتەوە کە تەفسیری ئەخلاقیانەی قورئان بکرێت، کە پشت بە خوا بەتەمام وەکو پرۆژەیەك کاری لەسەر بکەم.

لێرەوە ئەگەر ئەخلاق ئامادەییەکی زۆری هەبووبێت لە زۆربەی زانستەکانداو بەڵکو وەکو پێوەرێکیش بووبێت بەنیسبەتی زانستەکانی دیکەوە،

ئەوا ئامادەبوونی بابەتی ئەخلاق لەناو عیرفاندا هێندە زۆرتر و سەرەکیترە کە زۆرجار عیرفان کورتکراوەتەوە بۆ ئەخلاق، بۆیە زۆربەی جاری ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەیان لە عیرفانی ئیسلامیدا کردووە لەمەیاندا لێیان تێکچووە، کە هاتوون بەشێکی زۆری عیرفانیان جیاکردۆتەوە بەناوی تەسەوفەوە، وەکو دیوە کردەیەکەی ئەم بابەتەو مامەڵەشیان لەگەڵ عیرفاندا کردووە وەکو دیوە تیۆرییەکەی ئەم بابەتە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە ڕێگەی ئەخلاقەوە نەبێت ناکرێت باس لە بابەتە عیرفانییەکان بکرێت، کەواتە دەرگای عیرفان بریتییە لە ئەخلاق، هەرگیز موکین نییە مرۆڤ لە بابەتە عیرفانییەکان تێبگات، ئەگەر خودی خۆی مرۆڤێکی بەئەخلاق نەبێت، بەڵکو لە زانستەکانی دیکەی وەکو فەلسەفەشدا هەر بەو جۆرە بووە لەناو شارستانییەتی ئیسلامیدا، بۆ نمونە کەسێکی وەکو (سەهرەوەردی) لە عەقڵیترین و فەلسەفەترین کتێبیدا کە لەسەر حەقیقەتی مەشانی نووسیویەتی و کتێبێکی عەقڵیی پوختە و دەربارەی مەنتیق نووسیوێتی: کەسێك ناتوانێت لەم کتێبەی من تێبگات، ئەگەر چل ڕۆژ بەڕۆژوو نەبێت. ئەمەش لە خۆیدا نیشاندەری ئەوەیە کە ئەخلاق کایەیەکی گەورەی عیرفانە و دەرگای چوونە ژوورەوەیە بۆ ناو هەموو کایەکانی دیکەی عیرفان، لێرەوە لە ئیسلامدا و لە عیرفانی ئیسلامیدا ئەخلاق شوێنگەیەکی تایبەتی هەیە، کە دەتوانین بڵێین خودی عیرفان دەرئەنجامەی ئەخلاقەو خوڵقێنەری ئەخلاقیشە. بۆن مونە ئیمامی غەزالی کتێبی (احیاو علوم الدین)ی دابەشکردووە کە لە ئەخلاقدا باسی بابەتە عیرفانییەکان و هونەری گوێگرتن (سماع) و گۆرانیوتنیشی کردووە (هونەری ئیسلامی) لە هەمانکاتیشدا باسی عیلم و میتافیزیکیشی تێدایە وەکو حەقیقەتی ڕەها، کە هەموو ئەمانەی لە بازنەی ئەخلاقدا کۆکردووەتەوە، نهێنیی ئەم نوکتەیەش لەوەدایە کە ئەخلاق لە ئیسلامدا (ئەخلاقیاتی عیرفانی) نە تەنها لەسەر بنەمایەکی زەوقی و چێژوەرگرتنێکی ڕووت دامەزراوە، بەو مانایەی کە نە ئەخلاقیاتێکی ئیحساساتی و بێ بنەمای عەقڵییە، وەکو ئەو ئەخلاقیاتەی کە لە سەردەمی ڕۆمانسییەت لە ئەوروپادا دەرکەوت و تائێستاش لە ڕۆژئاوادا هەر بەو جۆرەیە، کە ئەخلاق کورتکراوەیە بۆ چێژوەرگرتن، واتە هەرشتێك سوودو چێژی تێدابێت بۆ مرۆڤ، بریتییە لە ئەخلاق و هەرشتێکیش ئازار و زیانی هەبێت بۆ مرۆڤ ئیدی ئەخلاق نییە، کە بەداخەوە ئەمڕۆ زۆرێك لەو کەسانەش کە پرۆژەی مەعنەویەتگەرا بوون پێشنیاردەکەن دووبارە ئەخلاق کورت دەکەنەوە بۆ بنەمای ئازار و چێژ، کە دەڵێن هی ئێمە بریتییە لەوەی لە ئازارەکانی مرۆڤ کەم بکەینەوە و لە خۆشی و چێژوەرگرتنەکانی زیاد بکەین. ئەمە ڕاستە کە مرۆڤ مەخلوقێکی لاوازەو دەبێت هەم چێژی پێ بدرێت و هەم ئازارەکانیشی لێ دووربخرێنەوە، بەڵام دواجار کورتکردنەوەی ئەخلاق بۆ بابەتێکی چێژلێوەرگرتنی ئیحساساتی و بێ بنەمای عەقڵی دەکاتە ئەو بەشەی ئەخلاق، کە تەنها توێکڵێکە و بێ ناوەڕۆك ماوەتەوە، هەروەها ناشکرێت ئەخلاق تەنها بریتی بێت لە کۆمەڵێك بنەمای عەقڵی، ئیدی عەقڵی، تیۆری بێت یاخود عەقڵی کردەیی، لای (کانت) بێت کە تەنها کۆمەڵێك بنەمای وشك بێت، بەبێ ئەوەی زەوقیات و ئەحساسیات و گەرمبوونەوەو داگیرسان و لەدایکبوونەوەی نوێ و گەڕانەوە بۆ گەنجی تێدابێت، واتە هەموو ئەو خەسڵەتانەی کە دەکرێت لە مرۆڤێکی عارفدا کە خاوەنی ئەخلاقیاتی عیرفانییە دروست ببن و بوونیان هەبێت. کانت ئەگەرچی بنەمای عەقڵی دانا بۆ ئەخلاق و توانیی ئەخلاق لە جەبریەتی مێژوویی جیابکاتەوە، کە خزمەتێکی گەورە بوو بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام دواجار ئەوەی کانت ئەنجامی دا تەنها نیوەی ئەخلاق بوو، لەکاتێکدا ئەو ئەخلاقیاتەی لە عیرفاندا هەیە هەم بنەما میتافیزیکییەکەی ئەخلاقمان پیشاندەدات، کە وتمان میتافیزیکێکی هێندە گەورەیە چارەسەری هاودژبوونەکانی پێدەکرێت، هەم لایەنی زەوقی و ئیشقی ئەخلاقیشمان پیشان ئەدات، ئاخر ئێمە تەنها کانتیانە مامەڵە لەگەڵ ئەخلاقدا بکەین، ئەوا دەکرێت فەزیلەتێکی گەورەی وەکو عیشق بە بەشێك لە ئەخلاق نەزانین، ئەگەر تەنها لە ڕووی هەست و

زەوقیشەوە مامەڵە لەگەڵ ئەخلاقدا بکەین، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بنەمایەکی ئەخلاقی جێگیرمان نابێت، لێرەوە ئەخلاقیاتی عیرفانی کۆکەرەوەی ئەم دوانەیە، کە هەم بنەمایەکی میتافیزیکی کەونی هەیەو لەهەمانکاتیشدا تەنها کۆمەڵێك بنەمای مردووی وشك نییە، کە دیوی زەوقی و مەعنەویی ئەخلاق بکوژێت، ئەخلاقیاتی عیرفانی ئەخلاقیاتێکە کە خەسڵەتە مەعنەوییەکانی مرۆڤ دەتەقێنێت، کە خۆی بۆ خۆی خەسڵەتێکی مەعنەوی و زەوقی بە مرۆڤ دەبەخشێت و لەهەمانکاتیشدا دەبێتە فەزایەك بۆ بەشەکانی دیکەی مەعنەویەت.

چوارەم: بەشی چوارەمی عیرفان بریتییە لە دیوی ئیرادەی عیرفان، کە بەبۆچوونی من زۆرێك لە لێکۆڵەرەوانی عیرفان لەمەدا نەیانپێکاوە کە عیرفانیان کورت کردووەتەوە بۆ ئەم دیوە، پەیوەندیی نێوان شێخ و شوێنکەوتووەکانی کە تەسلیمبوونی تێدایە. بەو مانایەی کە عیرفان بریتیە لە ریازەتکێشانە رۆحییەکان و تەسلیمبوونی ڕەها بە پیر و بە شێخ، کە کورتکردنەوەی عیرفان بۆ ئەم دیوە بەبێ دیوە میتافیزیکی و هونەری و ئەخلاقی و عەدالەتییەکەی عیرفان، ئەوا جەهالەت دروستدەکات، دەشبێتە مایەی ئەوەی کە مرۆڤ وەك ئیبن عەرەبی باسی دەکات، زۆرتر لە دیوە ئاژەڵییەکە نزیکبێتەوە. چونکە ئیرادە لە ئاژەڵدا لە لوتکەی خۆیدایە، کاتێك یەکێك لە دوو ڕەگەزی ئاژەڵەکان ڕەگەزی بەرامبەریان دەبینێت هیچکام لەوانی دیکە نابینێت و دەیەوێت خۆی بگەیەنێت پێی، هەروەکو لای نیتچە بوونی هەیە، کە ئیرادە لەم بابەتەدا دەگاتە ئەوپەڕی خۆی. بەڵام ئەم بابەتە کاتێك جێگەی خۆی دەگرێت کە بە بەشێك لە حەقیقەتی عیرفانی لێی تێبگەیت و دیوەکەی دیکەشی لەگەڵدا ببینیت، کە زۆرینەی حەقیقەتی عیرفان پێکدەهێنێت، لەم کاتەشدا ئیدی عیرفان کورت نابێتەوە بۆ دیوێکی سەلبی، بەو مانایەی لەبەر ئەوەی دەبێتە عارفی ڕێگەی حەق، ئیدی شێخەکەت هەرچییەکی پێ وتی، دەبێت ئەوە بکەیت، بەڵکو دیوێکی عەدالەتویستانەشت تێدا دەخولقێنێت، ئەگەر لەلایەکەوە عیرفان داوای ئەوەت لێبکات کە لە کۆمەڵگە بکشێیتەوەو تێرامان لە خۆتدا بکەیت و ریازەت بکێشیت ئەوا لەهەمانکاتیشدا دەبێت لەناو کۆمەڵگەدا ئامادەییت هەبێت، هەتا عەدالەت لە کۆمەڵگەدا جێگیر بکەیت، هەروەك شێخی بەناوبانگی عاریف (شێخ نەجمەدین کوبرا) بەو جۆرەی کرد، کاتێك تاتارەکان وەکو ڕێزلێگرتنێك پێیان وت خۆت و موریدەکانت شار بەجێبهێڵن ئێمە شار دەگرین، بەڵام شێخ نەجمەدین ئەم بڕیارەی ڕەتکردەوەو وتی هەموو شار هی منە کە دواجار لە بەرامبەریان وەستایەوە و لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا شەهیدکرا. کەواتە ناکرێت بەتەنها دیوی ئیرادە ببینیت لە عیرفاندا بەبێ دیوەکانی دیکە، کە بەشە زۆرترەکەی عیرفانە، بە بۆچوونی من یەکێك لەو سلبیاتانەی لە عیرفاندا دەرکەوتووە، زۆرتر زەقکردنەوەی دیوی ئیرادەی عیرفانە بە جیاکردنەوەی لە دیوە میتافیزیکی و هونەری و ئەخلاقییەکەی عیرفان، کە نەبوونەتە جێگای لێکۆڵینەوە، یاخود لە کاتی لێکۆڵینەوەشیاندا وەکو بەشێکی جیا لە عیرفان مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، لێرەوە ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لەو بوارەدا کردووە، نەیتوانیوە ڕۆحی عیرفان بدۆزێتەوە، بەڵکو زۆرێك لە نەپێکان و دژایەتیکردنەکان لەم نوکتەیەوە سەریان هەڵداوە، کە دیوەکانی دیکەی عیرفان نەناسێنراون.

لێرەوە بەکورتی دەتوانین بڵێین، عیرفان بریتییە لەم چوار کایە:-

یەکەم: کایەی حەقیقەتدۆزی، سلوك لە ڕێگەی گەیشتن بە حەقیقەت و ناساندنی حەقیقەت، دواتریش زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە ڕەنگە عیرفان بێجگە لە زانین و نومایانبوونی ئەم حەقیقەتە لە هەموو وجودی مرۆڤ و لە هەموو دین و شارستانییەتدا شتێکی دیکە نەبێت.

دووەم: بەشێکی دیکەی عیرفان بریتییە لە هونەری ئیسلامی بەهەموو جۆرەکانییەوە، هەروەکو سەمای تەریقەتی مەولەوی کە مەولانا دەڵێت، کاتێك ئێمە قاچمان دەکوتین بە زەویدا و سەما دەکەین، ئەوا نەفسی خۆمان و هەموو بتەکانمان خستووەتە ژێر پێمانەوە. یاخود بەکارهێنانی ئامرازە مۆسیقییەکان

وەکو شمشاڵ و چەنگ، هەروەها گۆرانییە عیرفانییەکان و هونەری بیناسازی و ڕازاندنەوەی شارەکان لە شارستانیەتی ئیسلامیداو بوونی هونەری میتافۆرو میناتۆری ئێرانی لە جیهانی ئیسلامیدا، کە کاتی خۆیدا زۆربەی شوێنەکان و لادێ و خانووەکانی کوردستانی داپۆشیبوو، کە ئەمڕۆ بەداخەوە ئاگامان لێی نییەو بە نەزانیی خۆمان بەجێمانهێشتووە، هەروەها بینینی هونەریانەی ڕەگەزی بەرامبەر (ئافرەت) و سروشتیش، کە لای عارفەکان ئەم دوو ڕەگەزە زۆرتر تەوزیفکراون. یاخود بوونی ئەو گونجاوی و هاوتەریبییەی کە لەنێوان شارەکانی شارستانییەتی ئیسلامی و سروشتدا بوونی هەبووە، یان ئەو پەیوەندی و لێکدانەوە قووڵ و ڕۆحییانەی لەنێوان مۆسیقاو عیرفاندا دۆزراونەتەوەو مۆسیقا بووەتە بەشێکی گەورەی عیرفان. لەگەڵ ئەو گۆرانانەی کە هونەر بەسەر زماندا هێناویێتی و لە زمانی ئێمەدا بەزەقی دەرکەوتووە، کە دەشێت بڵێم زمانی کوردی یەکێك لە شیعریترین زمانەکانە، ئەمە ئەگەر نەڵێم لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا بەو جۆرەیە، کە ئەمەش دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەبوونی ئەم هونەرە عیرفانییە لەناو زمانی کوردیدا. بەداخەوە هەندێك لە لێکۆڵەری کوردی بە حوکمی جیاکردنەوەی عیرفان لە تەسەوف بۆ ئەوە چوون، کە هونەری عیرفانی لەناو زمانی کوردیدا بوونی نییەو ئەوەی هەیە بریتییە لە تەسەوف. لەکاتێکدا بە بۆچوونی من عیرفان و تەسەوف یەك شتن و هونەری عیرفانیش بەشێکی گەورەی عیرفانە و ناکرێت لە عیرفان تێبگەین، هەتا ئەم بەشەی عیرفانیش بە وردی نەناسین.

سێیەم: دیوی ئەخلاقیی عیرفانە، وەکو مانای ئەخلاق و هەروەها پەیوەندیی ئەخلاق بە دینەوە. بۆچی عارفەکان هێندە گرنگییان بە بابەتی ئەخلاق و ئەخلاقیانەی ژیان داوە؟ یاخود بۆچی خودی عارفبوون یان عاشقبوون، جوانیی ئەخلاقی لێکەوتووەتەوە؟ کە مرۆڤە عاشقەکان لە ڕووی ئەخلاقییەوە بەئەخلاقترینی مرۆڤەکان بوون. کە بە بۆچوونی من باشترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن لە ئەخلاق و لە عیرفانیش بریتییە لە تێگەیشتنێکی قووڵ لە پەیوەندیی نێوان ئەو دووانە.

چوارەم: بابەتی ئیرادە لە عیرفاندا، کە ئایا ئیرادەی مرۆڤ چۆنە؟ چۆن ڕێگەی حەقیقەت دەگرێتە بەر؟ ئەو مەقامانەی لە تەریقەتە جیاوازەکاندا باسکراون بۆ ئەوەی مرۆڤی عارف ببڕێت هەتا بگاتە حەقیقەت کە ئەمانە پەیوەندییان بە ویست و ئیرادەی مرۆڤەوە هەیە و بەشێکی زۆری عیرفان پێکدەهێنن.

لێرەشەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پێویستە جۆرێکی دیکە لە دیناسی دەستپێبکەین هەتا باش لە ڕۆحی عیرفان تێبگەین. ئەگەر عیرفان ڕۆحی دین بێت، ئەوا پێویستمان بە دیناسییە، کە بتوانێت ئەو ڕۆحەمان پیشانبدات، جیاواز لەو دیناسییانەی هەتا ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ئەنجامدراون و دەرەنجامەکەشیان بریتی بووە لەو تەحویلگەراییەی کە تیایدا بابەتە دینییەکان کراونەتە بابەتی نادینی، بۆیە پێویستمان بەو جۆرە دیناسییەیە کە بەهەموو توێژەکانی دیندا بچێتە خوارەوە، تا دەگاتە کرۆکی دین و ڕۆحەکەیمان پێدەناسێنێت، کە ئەو ڕۆحەش بریتییە لە عیرفان. پێویستە واز لە شێوازە تەقلیدییەکانی دیناسی بهێنین وەکو شێوازی تەفسیرکردنی دیاردە دینییەکان لە ڕێگەی زانستەوە کە لە سەردەمی پۆزەتیڤیزم و مامەڵەی پۆزەتیڤیزمی دینیدا کەوتووە، یاخود ئەو شێوازەی کە وەکو دیاردەیەکی مێژوویی مامەڵەی لەگەڵ دیندا کردووەو لەمەشدا ڕۆژهەڵاتناسەکان گەیشتوونەتە ئەوپەڕی. بەگوتەی سەید حسێن نەسر لەم مامەڵە مێژووییەشدا، جۆرێك سەیری دیاردەکەیان کردووە وەکو ئەوەی لە سادەییەوە بەرەو ئاڵۆزی هاتووەو ڕەوتێکی بەرەو کەماڵچوونی گرتووە، ئەو مانایەی دینەکان لە سادەییەوە دەستیان بە دەرکەوتن کردووەو دواتر لە پلەیەکی کامڵتردا (کە لە دیوی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە بریتی بووە لە دینی مەسیحی، چونکە خۆیان مەسیحی بوون) دین گەیشتووەتە ئەوپەڕی خۆی. ئیدی پێگەی هەموو دینەکانیان لەم ڕەوتە مێژووییەدا دیاریکردووە و پێوەرەکەشیان بریتی بووە لە دینی مەسیحی، کە بە بۆچوونی من ئەمە نەك هەڵەیەك بووە لە مامەڵەکردندا لەتەك دینی ئیسلامدا، بەڵکو

ئەم جۆرە مامەڵەکردنە وایکردووە کە هەموو سوننەتە دینییەکان بەجارێك بشێوێنرێن، بەداخەوە ئەمڕۆ هەندێك لە ڕۆشنبیرە کوردەکانیش هەمان ئەو شێوازە تەقلیدییەیان گرتووەتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیندا، هەرچەندە لە ناو کورددا دینناسێکی گەورەش بوونی نییە، بۆ نمونە هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی زەردەشتییەت لای هەندێك، بەو مانایەی کە دینی کورد بووە لە مێژوودا، کە ئەمەش دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو هەڵەیەیە، کە ڕۆژهەڵاتناسەکان بەهۆی مامەڵەی مێژووییەوە لەگەڵ ئاینیدا کردوویانە، هەروەها جگە لە تێپەڕاندنی مامەڵەی زانستیی وشك و تەماشاکردنی دین لە دیدێکی مێژووییەوە، پێویستە مامەڵەی فینۆمینۆلۆجیانەش لەگەڵ دیندا تێپەڕێنین، هەرچەندە ئەم شێوازەی مامەڵەکردنەیان پێشکەوتووترە لە شێوازی مامەڵەکردنی دوو قۆناغەکەی دیکە، کەلەم جۆرە مامەڵەیەدا گەڕان هەیە بەشوێن مانایەکدا لە دیاردە دینییەکاندا، کە ئەو مانایە لای کەسی دیندار بوونی هەیە، نەك ئەوەی کە ئەمە بریتی بێت لە ڕەمزێك بۆ حەقیقەتێك کە لە پشتی ئەوەوەیە و تەنها تەجەلایەکی ئەو حەقیقەتە مەزنەیە، واتە دین کورتدەکاتەوە بۆ دیاردەیەکی مرۆیی بەبێ ئەوەی لەمە تێبگات کە ئەم دینە ڕۆحێکی قووڵتری هەیە و لە شوێنێکی دیکەوە هاتووەو چیرۆکی شوێنێکی دیکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە ئەم بابەتە ئەگەرچی خودناسییەو شتێکی زەمینییە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئاشتییە لەگەڵ ئاسماندا، هەر بۆیە ئەم بابەتەشم ناونا عیرفان ئاشتی لەگەڵ ئاسماندا، لێرەوە ناکرێت تەنها مامەڵەیەکی وجودی و دیاردە ناسیانەش لەگەڵ دیندا بکرێت، چونکە ئەم قۆناغە بە وتەی هێنری کربون هەتا قەراغی مردن دەگات، بەڵکو ئێمە پێویستمان بە خوێندنەوەیەك هەیە کە هەم بۆ پشتی مردن بڕوات و هەروەها لە ژیانیشدا دینمان پێ بناسێنێت. واتە پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی ناوەکیانە (باطنی) و ڕۆحیانەی ئایینە، کە ناوەڕۆکی دینمان پێ بناسێنێت، هەر ئەمەش کە ئەمڕۆ بابەتێك دەرکەوتووە بەناوی زانستی بەراوردکردنی ئایینەکان، ئەم جۆرە مامەڵەیە بۆ ڕۆحی هاوبەشی هەموو دینەکان ناگەڕێت، چونکە بەمە هەندێك لە دینەکان کەنار دەخرێن. هەروەها دینێك ناکاتە سەنتەر بۆ پێوانی دینەکانی دیکەو مامەڵەی مێژووییش لەگەڵ ئاییندا ناکات، بەڵکو لەم شێوازەشدا وەکو یەك مامەڵە لەگەڵ دینەکاندا دەکرێت، کە دێت دینە زیندووەکان لەگەڵ یەکتریدا بەراورد دەکات بە خوێندنەوەی ڕۆحی ئەو ئایینانە بە بۆچوونی من ئەمە ئەو دینناسییەیە ئێمەی کورد ئەمڕۆ پێویستمان پێیەتی، هەتا ئیدی کاڵفامەکان و بەناو ڕۆشنبیرەکان نەتوانن هەموو خراپەکان بدەنە پاڵ ئیسلام (وەکو دینێك) و هەموو چاکەکان لە دین بکەنە دەرەوە، لە ڕاستیدا ئێمە پێویستمان بە زانستێکی نوێی دینناسی هەیە، هەروەها عیرفانیشە کە دەتوانێت ئەم شێوازە نوێیەمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیندا پێببەخشێت و بەهۆی ئەمەشەوە جارێکی دیکە بتوانین پێگەی ئایین لە مێژوودا ببینین، جگە لەوە ئامادەبوونی ئایینیش دووبارە لە ئەمڕۆ ببینینەوە. هەر ئەمەش وادەکات پێمان بکێشینە ناو ئەو بابەتانەی دیکەوە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەئایینەوە هەیە وەکو بابەتی عیشق، چ عیشقی مەجازی یاخود عیشقی حەقیقی.

ئێستا با سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەم چوار کایەی لە کوێی شارستانییەتی ئیسلامیدا دەرکەوتوون، بە وردبوونەوە لەم شارستانییەتە بۆت دەردەکەوێت کە هەر لە سەرەتای دابەزینی وەحییەوە بۆ پێغەمبەری خودا، هەریەك لەم چوار کایە لە لوتکەی خۆیدا بووە و لە خودی پێغەمبەری خوادا ئەم چوار کایە لە دوندی خۆیاندابوون و دواتر لەسەردەمەکانی دیکەدا بەرەبەرە کاڵبوونەتەوە، تەنانەت لەو کاتانەدا مەکتەبە عیرفانییە گەورەکانیش دەرکەوتوون، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە دەوترێت دینی ئیسلام دینێکی بەدەوی بووە و لە سەرەتاوە عیرفانی تێدا نەبووە و دواتر بە تێکەڵکردنی لەگەڵ فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکەدا ئەم ڕۆحە عیرفانییەی بۆ دروستبووە! کە دەتوانین بڵێین بزووتنەوەیەکی فیکریی تەبشیری هەیە زۆرتر ئەمە زەقدەکاتەوە. بەڵام کاتێك ئەم چوار کایەمان ناسی و

لەوە تێگەیشتین کە عیرفان لەم چوار بەشە سەرەکییە پێکهاتووە، ئیدی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم کایانە لە سەردەمی یەکەمی ئیسلامداو لە خودی پێغەمبەری خودا و هاوەڵانیدا لە دوندی خۆیاندا بوونیان هەبووە.

دیوە حەقیقەتەکەی عیرفان کە بریتییە لە کورتەی (لا اله الا الله) تەنها بریتی نییە لە وتنی ئەم وتەیە، بەڵکو وتنێکی عیرفانیانەی (لا اله الا الله) یە، چونکە ئەمە تەنها حەقیقەتێکی تیۆری و وتەیەك نییە بێت بە زماندا، کە ئەمە دەبێت حەقیقەتێك بێت هەموو هاودژەکان چارەسەر بکات.

هونەری موقەدەسیش لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا لە کەماڵی خۆیدا بووە، دواتر باسیدەکەم مەبەستم لە هونەری موقەدەس چییە، کە هەم لە هونەری بینراودا خۆی دەبینێتەوە ئەگەرچی لەو سەردەمەدا زۆر سادەش بووە، هەروەکو لە دروستکردنی مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوادا دەردەکەوێت، کە ئەو مزگەوتە (وەك لە فیلمێکی سادەی وەکو (الرساله)شدا دەبینرێت) وەکو باغێکی دارخورما دەبینرێت و بوونی بۆشایی و هێنانی نوور بۆ ناو ئەو مزگەوتە کە هەموو ئەمانە ڕەمز و مانای هونەری قوڵیان تێدایە، یاخود نووسینەوەی قورئان کە ئەمیش بریتی بووە لە هونەری موقەدەس، دەکرێت ئەمە بکرێتە دەسکەلایەك بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەی پێیان وایە دەکرێت قورئان وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی دیکەش، ئیدی ئەوەیان لەبیرچووەتەوە کە نووسینەوەی قورئان لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا بەشێك بووە لە هونەری موقەدەس، هونەری موقەدەسیش ئەو هونەرەیە کە سەرچاوەکەی لە دەرەوەی مرۆڤە و هەتا ئەو دینەش بەردەوام بێت ئەویش بەردەوامیی دەبێت.

ئێمەی موسڵمان ئەمڕۆ کاتێك سەیری قورئان دەکەین، تەنها بەو جۆرە سەیری ناکەین کە چەند خەتێکە و لەناو مەسحەفێکدا نووسراوە، بەڵکو وەك هونەرێکی بینراوی موقەدەس تەماشای دەکەین، هەروەها هونەری بیستراوی ئیسلامیش لە قورئانخوێندندا دەگاتە لوتکەی خۆی، هەروەها شتێکی سادە نییە کە لە مۆزەخانەیەکی تورکیادا نزیکەی چوارسەد ساڵە بە بەردەوامی قورئان دەخوێنرێت، کە ئەمە مانای ئیستاتیکی و هونەریی قووڵی لە پشتەوەیە، لێرەوە سەیر دەکەیت لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا زۆر زیاتر ئامادەیی هەبووە، کاتێك پێغەمبەری خوا بە عەبدوڵڵای کوری مەسعود دەڵێت تۆ قورئانم بۆ بخوێنە با من گوێ بگرم! ئەویش لە وەڵامدا پێی دەڵێت: ئاخر پێغەمبەری خوا چۆن دەکرێت من قورئان بۆ تۆ بخوێنم، لەکاتێکدا قورئان بۆ تۆ دابەزیوە ؟! واتە کەس نەبووە وێنەی پێغەمبەری خوا قورئان بخوێنێت و لای ئەو لە لوتکەی خۆیدا بووە. ئەمەش بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو کەسانەوە کە پێیان وایە ئیسلام لە سەرەتای هاتنیەوە پێویستی بە هونەری ئیسلامی نەبووە و دواتر دەرکەوتووە، لە کاتێکدا هەر خودی پێغەمبەری خوا و شاری مەدینە هونەرستانێکی گەورە بووە، ئیدی باسمان لەوە نییە کە ئەم هونەرە چەندە سادە، یاخود ئاڵۆز بووە، کە دواتر قسە لەسەر سادەبوونی ئەم هونەرەش دەکەم.
هەروەها ئەگەر ئەخلاقیش بەشێکی گەورەی عیرفان بێت ئەوا هێندە بەسە کە موحەممەد وتویەتی (انما بعثت لاوتمم مکارم الاخلاق) بەڵکو تەنانەت دینیشی لەوەدا کورتکردۆتەوە، ئەو ئەخلاقیاتەی کە توانیی کۆمەڵێك سیستەمی ئەخلاقیی گەورە جێگیر بکات، کە هەرگیز ناکرێت کەسێك خۆی سەرچاوەیەکی عیرفانیی قووڵی نەبێت و پەیوەندیی نەبێت لەگەڵ سەرچاوەیەکی باڵاتردا، بتوانێت بەو سادەییە کۆمەڵێك سیستەمی ئەخلاقیی گەورەی وەها بەڕێبخات، کە هەم دیوی مەعریفیی تێدابێت و هەم دیوی زەوقیشی تێدابێت. هەروەها دیوە ئیرادییەکەی عیرفانیش لەو تەسلیمبوون و گوێڕایەڵییەی کە هاووڵاتیی پێغەمبەری خوا هەیانبووە لەناو نەتەوەیەکی دواکەوتووی وەکو عەرەبدا. بەم جۆرە دەبینین دیوە ئیرادییەکەی عیرفانیش کە بریتییە لەو تەسلیمبوونە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا لە لوتکەی خۆیدا بووە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە عیرفان بە پێچەوانەی کایەکانی دیکەی مەعریفەی ئیسلامییەوە لە سەرەتاوە بەهێزتر بووە و باشتر دەرکەوتووە. بەڵام

بەکارنەبردنی زاراوەکانی عیرفان لەو کاتەدا لەبەر ئەوە بووە کە پێویست بە بەکارهێنانی ئەم زاراوانە نەبووە. خودی زاراوەی عیرفان بوونی نەبووە، بەڵکو (الطریق الی الله) بوونی هەبووە، کە زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان لەمەدا نەیانپێکاوەو وایان زانیوە نەبوونی زاراوەکە نەبوونی حەقیقەتەکەشە، کەواتە عیرفانی ڕۆحی دینی ئیسلامییە، کە دەکاتە ئەو چوار کایە سەرەکییە، ئیدی خەسڵەتەکانی دینی ئیسلامیش لەم بەشەدا باشتر لە هەموو بەشەکانی دیکەدا دەردەکەوێت، بەو مانایەی ئەگەر فەلسەفە بەشێك لە ڕۆحی شارستانییەتی ئیسلامی پیشان بدات، شەریعەتیش وەکو دیوە فیقهییەکەی بەشێکی دیکە لەڕۆحی شارستانیەتی ئیسلامی پیشان بدات، ئەوا عیرفان زۆرترین و قوڵترینی خەسڵەتەکانی دینی ئیسلام پیشان دەدات، هەروەها باشترین پیشاندەری سیماکانی ئەم دینە نوێیەیە، لێرەوە بۆ ئەوەی باش دین بناسین دەبێت لە عیرفانەوە دەستپێبکەین، بۆ ئەمەش دەبێت ئامراز و زانستی تایبەت بەم ڕێگەیە بگریتە بەر بۆ ناسینی، بەکورتی دەبێت لە عیرفانەوە شارستانییەتی ئیسلامی بناسیت، لێرەشەوە ئەگەر عیرفان ڕۆحی ئیسلام بێت، ئەوا دیارترین و زەقترین خەسڵەتەکانی ئیسلام و جیاکەرەوەی ئیسلام لە دینەکانی دیکە لە عیرفاندا دەردەکەون، بەپێچەوانەی ئەوەی کە وتراوە عیرفانی ئیسلامی لە دینەکانی دیکەوە وەرگیراوە! بۆ نمونە ئەگەر یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئیسلام بریتی بێت لە لێبووردەیی (تسامح) و ڕۆحی ئەم عیرفانەش بریتی بێت لە (لا اله الا الله)، ئەوا خەسڵەتی لێبووردەیی لە عیرفانی ئیسلامیدا زۆرتر دیارە هەتا بەشەکانی دیکەی. کە بە مەرجی پاراستنی ئاموزەو قوڵترین وانە و بنەما دینیەکەی خۆی کە بریتییە لە (لا اله الا الله)، ئیدی هەموو بەشەکانی عیرفانی نەتەوەکانی دیکەی لەناو خۆیدا قووتداوە، بۆیە دەبینیت ئاموزەی دینەکانی دیکەی وەکو زەردەشتییەت و مەسیحییەت و بوزایی لەناو ئیسلامدا جێگەی دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ مەرجی پارێزگاریکردن لەوانە دینی و میتافیزیکە قووڵەکەی خۆی. تەنانەت بە جۆرێك میتافیزیك و سوژەی دینەکانی دیکەی لە خۆیدا نقومکردووە، کە بەپێچەوانەوە وا زانراوە ئەو ڕۆحە عیرفانەی لە بنەڕەتدا ڕۆحی ئیسلامە لە ئەوانی دیکەوە وەرگرتوە، چونکە دیوێکی نەبینراوە. بۆ نمونە سەدان زاراوەی وەکو پیری موغان و تاریکی و ڕۆشنایی و فەناو.... لە دینی زەردەشتی و هیرۆسیەتی یۆنانی و تەنانەت لە دینی میسری کۆنەوە هاتوونەتە ناوەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دینی ئیسلام توانیویەتی ئەم ڕۆحەی خۆی بپارێزێت و ئەوانەش لەناو خۆیدا قووت بدات، بەڵکو عارفەکانی ناو شارستانییەتی ئیسلامی لە هەموو توێژەرەکانی دیکە زیاتر خەڵکی تریان قبووڵ بووە.

کەواتە عیرفان لەبەر ئەوەی قووڵترین بەشی دینە، ئەوا خەسڵەتەکانی دین لەم بەشەدا زیاتر و زەقتر دەردەکەون. هەر لەبەر ئەوەشە جگە لە خۆی لەمەیاندا زۆرتر دەرکەوتووە. ئەمەش بەپێچەوانەی کایەکانی دیکەی وەکو فیقـەو فەلسەفەوە کە کەمتر بەو جۆرە بووە، چونکە هەروەکو وتم عیرفان قووڵترین بەشی دینە، کە یەکێکیش لە خەسڵەتەکانی ئەو ڕۆحەش بریتی بووە لە قبوڵکردنی بەرامبەرو وەرگرتنی حیکمەتەکانی نەتەوەکانی دیکە. هەر ئەمەش نهێنیی ئەوەی کە زۆربەی جار ئەو نەتەوانەی دیکە موسوڵمان بوون لە ڕێگەی عیرفانەوە زیاتر بەستراونەتەوە بە ئیسلامەوە، تا لە ڕێگەی بابەتەکانی دیکەوە لە نمونەی نەتەوەکانی وەکو مالیزیا و ئەندەنوسیا و... هەروەها نەتەوەی خۆشمان وەکو کورد زۆرتر لە ڕێگەی عیرفانەوە بەستراوین بە ئیسلامەوە، ئەمەش بەو مانایە نا کە لە ڕێگەی فیقە و بابەتەکانی دیکەوە نەبەستراوین بە دینی ئیسلامەوە، بەڵام کاتێك باسی فیقە دەکرێت، ڕەنگێکی عەرەبییانەی پێوە دیارە، لەکاتێکدا عیرفانی کوردی دەست دەکەوێت وەکو تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی و.... ئەگەرچی ئەمانیش سەرچاوەکەیان لە دەرەوەی کوردەوە هاتووە، بەڵام زۆرتر ڕەنگێکی کوردانەیان پێوە دیارە، کە ئەمە زۆرتر پیشاندەری ڕۆحی دینی ئیسلامە، هەتا زیاتر سیما مێژووییەکان و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان کەمبکرێتەوە، زۆرتر لە ڕۆحی دین نزیك بووینەتەوە، چونکە ئیسلام تەنها

بۆ نەتەوەی عەرەب نییەو بۆ هەموو سەردەمەکانە، لێرەوە سەیر دەکەین ئەو بەشەی دین کە زۆرتر توانای برین و تێپەڕاندنی خەسڵەتە تایبەتی و مێژووییەکانی دینێکی هەیە و ڕێگە بە نەتەوەکانی دیکەش دەدات لەگەڵ ڕەنگی خۆیدا بیگونجێنێت، بریتییە لە عیرفان. لێرەوە بە بۆچوونی من ئەگەر بکرێت بەشە فیقهییەکەی ئیسلام قبووڵ بکەین، ئەگەرچی سیمایەکی عەرەبیشی هەبێت، بەڵام ناکرێت ئێمە موسوڵمان بین بەبێ بوونی ڕۆحێکی عیرفانییانەی کورد. چونکە ئەم بەشە نەبینراوەی ئیسلام کە لێبووردەترین بەشیەتی بە ئاسانی جێگەی خۆی دەگرێت. بۆ نمونە فەقیهە فارس و تورکەکان بە زمانی عەرەبی فیقهیان نووسیوە، کە لێرەدا باسم لە باشی و خراپیی ئەم مەسەلەیە نییە، چونکە ئێمە لە دیدێکی سیکۆلارییەوە سەیری ئەم بابەتە ناکەین، بەڵکو وەك ڕۆشنبیرێکی دینی قسە لەم بابەتە دەکەم، بەڵام زمانی فارسی نەبووەتە زمانێکی فەقیهیی گەورە، بەڵام توانیویەتی ببێتە زمانێکی عیرفانیی گەورە، لە نمونەی ئەو تێکستە ئەدەبی و شیعرە جوانانەی کە بە فارسی نووسراون، وەکو لای فیردەوسی و سەنائی و عەتار و حافزی شیرازی و جامی و مەولانای ڕۆمی، هەروەها زمانی فارسی کراویشە بە زمانێکی ئەخلاقیی گەورە، وەکو لە کتێبێکی گەورەی (کیمیای سەعادەت)دا دەرکەوتووە، بەڵام کوا لە کتێبە فیقهییە گەورەکان کە بە زمانی فارسی نووسرابن؟! کەواتە ئەوە ڕۆحی عیرفانیی دینە کە جێگای نەتەوەکانی دیکەی تێدا بووەتەوە، باسم لەوە نییە، کە لە فیقە و بابەتەکانی دیکە جیانابێتەوە، بەڵکو باسم لەوەیە کە عیرفان ڕۆحی دینی ئیسلامە، هەر ئەم بەشەشە کە هەم لە ڕووکەشدا بەشە جیاوازەکانی ئومەتی ئیسلامی ڕاگیرکردووەو پێکەوەی بەستوونەتەوە، هەم لە قووڵاییشدا هەموو بەشەکانی دیکەی ڕاگیرکردووە، کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕەهەندە قووڵە لەگەڵ ڕەهەندەکانی دیکە، هەرگیز لە شارستانییەتی ئیسلامی تێناگەین، واتە ناتوانین مامەڵەیەکی گونجاو لەگەڵ فیقهدا بکەین هەتا دیوە ڕۆحییەکەی فیقە نەدۆزینەوە، هەروەها ناتوانی لەگەڵ فەلسەفەشدا وەکو بەشێك لە شارستانییەتی ئیسلامی مامەڵەبکەین هەتا دیوە ڕۆحییەکەی نەدۆزینەوە، چونکە هەروەکو پێشتر وتم بێجگە لەوەی کە عیرفان هەموو کایەکانی دیکە و هەموو نەتەوەکانی دیکەی پێکەوە بەستووەتەوە، ئەوا لە قووڵاییشدا ئەگەر ئێمە بتوانین بە ستوونی بە هەموو بەشەکانی شارستانییەتی ئیسلامیدا بچینە خوارەوە، دەبینین هەموویانی ڕاگیرکردووە، هەر بەهۆی ئەم ڕۆحە قوڵەشەوە بووە کە توانیومانە بەیەکەوە بژین و کۆببینەوە، هەر بەهۆی ئەم ڕۆحەشەوە دووبارە دەتوانین لە سەردەمی نوێدا لەگەڵ دینی ئیسلام مامەڵە بکەین، هەر لەم ڕێگەیەشەوە جارێکی تر دەتوانین ڕۆحی ئیسلام بناسینەوە. ئەگەر ئێمە پێشتر لەبابەتی فەلسەفەی دیندا باسی ئەوەمان کرد کە شتێك هەیە لە دەرەوەی دین کە پێی دەوترێت عەقڵ و دەکرێت دینیی پێ بپێورێت و بەهۆیەوە بەڵگە بهێنرێتەوە بە سودی دین و بە دژی دینیش و، هەر ئەمەیە کە فەلسەفەی دینیی دروستکردووە، هەروەها لە بابەتی شەریعەتیشدا وتم کە شتێك هەیە لە دەرەوەی دین و بریتین لە پێوەرە ئەخلاقییەکانی سەردەم و دەکرێت بکرێنە پێوەرێك لەسەر شەریعەت. لە بابەتی ئەمجارەشدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە لە دەرەوەی دین مەعنەوییەتێك بوونی هەیە، کە پێکهێنەرەکانی بریتین لە میتافیزیك و هونەر و ئەخلاق و ئیرادە. دەکرێت ئەمەش بکەینە پێوەر بۆ کەشفی ڕۆحیی ئایین. لێرەوە ئەگەر نەکرێت بەبێ عەقڵ فەلسەفەی دین دروست ببێت، یاخود بەبێ بوونی حەقیقەتە ئیعتیبارییەکانی وەکو ڕێسا ئەخلاقییەکان، شتێکمان هەبێت بەمانای شەریعەت، ئەوا بەبێ بوونی عیرفان و مەعنەوییەت (کایەکانی میتافیزیك و هونەر و ئەخلاق و ئیرادە)، ناکرێت شتێکیشمان هەبێت ناوی ئیسلام (دین) بێت. کەواتە ئەگەر پێوەرە عەقڵی و ئەخلاقییەکان لە دەرەوەی دین بن، ئەوا پێوەری مەعنەویەتی و عیرفان لە خودی دیندایە، بە بوونی ئەم مەعنەوییەت و عیرفانەییە بۆت دەردەکەوێت دینێك لە دینبوون نەکەوتووە، بەهۆی بوونی ئەم ڕۆحە عیرفانییە قووڵەیە لە دینی ئیسلامدا کە دەردەکەوێت،

ئیسلام وەحی بووەو توانیویشیەتی بە درێژایی مێژووی خۆی پارێزگاری لەم وەحی بوونەی خۆی بکات و لە داهاتووشدا بیپارێزێت. بەبێ بوونی ئەم ڕۆحە ئیدی دین دین نییە، ئەگەرچی دەکرێت دینێك بوونی هەبێت بەبێ شەریعەت هەروەکو هەیە، یاخود دینێك هەبێت بەبێ بوونی فەلسەفەی دین، وەکو ئەوەی کە ئەمڕۆ دینناسە ڕۆژئاواییەکان لەسەر ئەم بۆچوونەن. ئاخر کاتێك دینناسە ڕۆژئاواییەکان عەقڵیان کردە دەرەوە و ئەزموونیان کردە بناغە، وتیان ئیدی فەلسەفەی دین کۆتایی هات، بەڵام هەرگیز ناکرێت دینێك بوونی هەبێت و بتوانێت دین بێت، بەبێ بوونی مەعنەوییەت و عیرفان لەو دینەدا، لێرەوەیە کاتێك دەڵێم عیرفان ڕۆحی دینەکانە و پێوەری دینەکانیشە. هەر بۆیە لێرەدا عیرفان و دین دەبنەوە بە یەك شت.

تەنانەت هەموو بەشدارییەکانی دین لە کایەکانی دیکەی ژیاندا، لەپێناو هێشتنەوە و پاراستنی ئەم بەشە قووڵ و نەبینراوەی دینە، لێرەشەوە هەموو بەشدارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دینی ئیسلام لە کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا لەپێناو خوڵقاندنی فەزایەکی عیرفانی و ڕۆحی بووە، بۆیە یەکەی شارستانییەتی ئیسلامی بریتییە لە ڕۆح، واتە ئەگەر یەکەی شارستانییەتی ڕۆژئاوا بریتی بێت لە مرۆڤ، ئەوا یەکەی شارستانییەتی ئیسلامی بریتییە لە ڕۆح بە جۆرێك کە ئیدی هەموو شتەکانی دیکە لە پێناو ئەم ڕۆحەدایە، جوڵەکانی ڕۆحیش لە ناو مرۆڤ و لە شارستانییەتدا بابەتەکانی عیرفانی دروستکردووە.

هەربۆیە وتراوە عیرفان بریتییە لە سێ شت:-

یەکەم: میتافیزیکێك و حەقیقەتێکی دینیی گەورە، یاخود حەقیقەتی حەقیقەتە قووڵەکان کە لە ئیسلامدا بریتییە لە (لا اله الا الله).

دووەم: پەیوەندیکردنی مرۆڤ بەو حەقیقەتە قووڵە میتافیزیکییەوە، لە دەرئەنجامیشدا ئەو گۆڕانە قووڵانەی کە بەسەر مرۆڤدا دێت لە ئەنجامی ئەو مامەڵەکردنەوە کە لە عیرفاندا بە دەرکەوتنی مرۆڤی کامڵ ناوبراوەو عارفەکان ناویان ناوە (محمد رسول الله) کە دواتر فراوانتر باسی دەکەم. بەزاراوەیەکی دیکە بڵێم دیوێکی عیرفانی بریتییە لە حەقیقەتە کەونییەکان، کە مانای ماناکانە و بریتییە لە دیوە میتافیزیکییەکەی عیرفان و پێشتر وتمان بریتییە لە (لا اله الا الله).

سێیەم: بریتییە لە بوونی جیهانێکی ناوەکیی ناو مرۆڤ، کە ئەوەی پێشووتریان ناو دەبرێت بە جیهانی گەورە کە بریتی بوو لە حەقیقەتی میتافیزیکی (لا اله الا الله)، بەڵام جوڵانی توانا ناوەکییەکانی مرۆڤ لە توانایەکی شاراوەوە بۆ کردەیەکی جێبەجێبوو، لەناو جیهانە بچوکترەکەی و ناو مرۆڤدا (العالم الاصغر)، کە لای عارفەکان لە ڕەمزی (محمد رسول الله)دا کۆبووەتەوە. هەر بۆیە پێغەمبەری خوایان ناو ناوە مرۆڤی کامڵ.

لێرەوە مانای کیمیای کۆنیش بریتی بوو لەو گۆڕانکارییە ناوەکی و مەرگ و ژیانانەی کە بەسەر مرۆڤدا هاتوون، لە ئەنجامی جوڵان و گەیشتنی بە حەقیقەتە دەرەکییەکەو دواجار لەدایکبوونەوەیەکی نوێ. واتە ئەگەر لە ژیانی سروشتیدا مرۆڤ تەنها یەك جار لەدایك بێت و بمرێت، ئەوا لای عارفەکان دووبارە لەدایکبوونەوەی نوێ بوونی هەیە، کە بریتییە لە دەرئەنجامی پەیوەندیکردن و گەیشتنی مرۆڤ بە حەقیقەتە میتافیزیکییەکەی دەرەوەی خۆی. ئەم دووبارە لەدایکبوونەوەیەش لای عارفەکان بریتی بووە لە مانای خەتمی موحەممەد، بەو مانایەی ئەمە شتێك بووە جیایە لە (لا اله الا الله) و (محمد رسول الله) بەڵام بەبۆچوونی من خەتمی موحەممەدیش بریتییە لە دەرئەنجامی پشتبەستن بە حەقیقەتی میتافیزیکیی گەورەی (لا اله الا الله) و (محمد رسول الله) دەکاتە کۆی چوار پایە سەرەکییەکەی عیرفان، کە پێشتر ئاماژەم پێکرد.

ئیدی ئەو کتێبە زۆرانەی لەسەر عیرفان نووسراون، دەربارەی کایەکانی عیرفان و چۆنیەتیی دەرکەوتنی عیرفان لە ئیسلامداو بوونی عیرفان لە دینەکانی دیکەدا (هیچ ئایینێك بەبێ عیرفان بوونی نییە)، هەروەها

جۆرەکانی عیرفان لە عیرفانی تیۆری عیرفانی کردەیی، لەگەڵ پەیوەندییەکانی عیرفان بە زمان و عەقڵ و فەلسەفەو هتد... هەروەها ئەوەی زمانی عیرفان بریتییە لە چی؟ ئایا دەشێت حەقیقەتە عیرفانییەکان بە زمانی ئاسایی دەربربڕێن، یاخود عیرفان زمانی تایبەت بە خۆی هەیە، زاراوەکانی عیرفان چین و لە سەرەتاوە کام زاراوانە بەکارهاتوون و بە چ مانایەك بەکارهاتوون؟ ئایا ئەو زاراوانە تایبەتن بە ئایینێکەوە، یاخود دەکرێت زاراوەی ئایینەکانی دیکەش بەکاربرێن؟ هەروەها بابەتی ئەوەی کە عاریف کێیە و خەسڵەتەکانی عاریف بوون چین؟ کە ئەمانەت

ئێستا کێشەیەکی گەورە لەلایەن فەیلەسووفانی دینەوە سەریهەڵداوە، بەتایبەت لە ئێران لەنێوان ( دکتۆر عەبدولکەریم سرووش و ئایەتوڵا سوبحانی)، لەسەر ئەوەی عەبدولکەریم سرووش دەیەوێت بڵێت من ئەمەوێت لەرێگەی شیعرییەتەوە

نیشان بدەم، ئایەتوڵا سوبحانی دەڵێت ئەم لێکچوونەی تۆ کووشتنی نەبووبەتە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم لێکچوونێکی سەیر هەیە لەنێوان ئەدەب و ئاییندا، بۆ ئەوەی لە بابەتەکەی ئێوە دوور نەکەومەوە

دەبێت لەفەلسەفەی سیاسەتەوە بۆ ئەو بابەتە برۆین، فەلسەفەی سیاسەت لەناو یۆناندا، ئەوەتا ئەزانین کەسی سیاسی لای ئەرستۆ و ئەفلاتون بەشێکە

لەدیموکراسی، لە فەلسەفەی سیاسی ئیسلامیدا کە لەکیندییەوە دەست پێدەکات کەسی سیاسیی و حەکیم لەسەرووی یاساوەیە دەرەنجامی کارەکانی ئەو دەبێتە

یاسا، ئێستا بۆ نموونە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێ، لە شارستانییەتی ئیسلامیدا لەدەرەوەی یاسایە، چونکە ئەو خۆی داڕێژەری یاسا بووە، دوای دەرەنجامی کارەکانی ئەو

کە پێی دەوترێت سوننەت، ئەبێتە یاسایەك لەناو کۆمەڵگەدا، ئالێرەدا جیاوازییەکی قووڵ لەنێوان شارستانیەتی ئیسلامی و یۆنانیدا دروست دەبێت کە دواجار لەوێ مرۆڤەکە بەشێکە لەپرۆسەی سیاسی، بەڵام لێرە کەسی سیاسەتمەدار، یان یاسا دانەر، یان کەسی ئەزموونی رۆحی لەدەرەوەی یاسایە، قووڵتر بڵێم خوڵقێنەری شارستانیەتیشە، لێرەوەیە فەیلەسووفێکی بەناوبانگی هندی دەڵێت: محەمەد

لەناو غاری حەرادا شارستانیەتێکی درووستکرد، ئەگەر یەکەی مامەڵەکردن لەرۆژئاوادا بریتی بێت لە ماف، کە هەموو شتەکان بەچواردەوری مافدا دەسورێتەوە، بەڵام ئایا ئەو یەکە سەنتەرییە چییە لەشارستانیەتی ئیسلامیدا، کە شتەکان بەچواردەوریدا دەسووڕێنەوە، کە دەرەنجامی ئەو فەلسەفە سیاسییە کە پێشتر ئاماژەم پێدا، بە بۆچوونی من بریتییە لە رۆح، واتە ئەگەر لە ئەورووپا

شتەکان رێکبخرێت، دواجار ئەوە لەخزمەتی مافدا بێت، ئەوا لەشارستانیەتی ئیسلامیدا

شتەی کە هەموو شتێك لەپێناویدا وا رێکبخرێت کە لەخزمەتی ئەودا بێت بریتییە لە بابەتە رۆحییەکان و بە تەنگ رۆحەوە چوون، هەموو ئەوشتانەش کە هاتوونەتە ناو ئەم شارستانیەتەوە لەسەرەتاوە قبوڵ نەکراون، هەتا ئەوکاتەی کە

توانیویانە خۆیان لەگەڵ رۆحدا بگونجێنن، سەیری فەلسەفە بکە لەرۆژئاوا فەلسەفەیەکی رۆحییە، لەیۆنانەوە دەست پێدەکات، وردە وردە لە سەدەکانی ناوەندا دەگاتە ئەوجی خۆی، تێکەڵبوونی لەگەڵ رۆحدا لای ئەگۆستین و ئەواندا،کە ماڵبوونی فەلسەفە لەرۆژئاوا لەچیدایە ئەوکاتەیە کە فەلسەفەو رۆح لە یەکتر جیادەبنەوە، لەشارستانیەتی ئیسلامیدا پێچەوانەیە، سەرەتا فەلسەفە کە دێت بابەتێکی نارۆحییە، ئەوەی کەلەسەردەمی کیندیو

بەرە بەرە لەگەڵ رۆح تێکەڵ دەبێت هەتا کەماڵی فەلسەفە کە لە مەلا سەدرا شارستانیەتی ئیسلامی دەگاتە کەماڵی خۆی، تیۆریای حیکمەتی باڵا کە ئەوە کامڵبوونی فەلسەفەی ئیسلامییە، لەوێ رۆح و فەلسەفە دەبنەوە بەیەك، واتە چیرۆکی فەلسەفە لەناو شارستانیەتی ئیسلامیدا ئەوەندەیە کە لەگەڵ رۆحدا گونجاوە، دواجار وای لێهاتووە

کەلەگەڵ رۆحدا ببێتەوە بەیەك، ئیدی لەناو ئەم شارستانیەتەدا هەموو شتێك رەفز کراوە، هەتا ئەوکاتەی توانیویانە لەگەڵ رۆحدا بێنەوە، دیارە چیرۆکی ئەدەبیش بەهەمان شێوەیە، خۆ عەرەب پێش ئیسلامیش ئەدەبیان هەبووە، ئەدەبی جاهیلی فارسەکان پێش

مەکتەبی خۆراسانی شیعری مەتحو سەنایان هەبووە، بەڵام ئەمەیان لەناو شارستانیەتی ئیسلامیدا جێگەی



# ئارامی حەمەی مینە:

## لە دیدی سۆفیزمەوە، دنیا شوێنی میحنەت و سزاو ئازارکێشانە

ئایدۆلۆجییەتی سۆفیزم کە لە بنەڕەتدا لەسەر ماهییەتی بوون دامەزراوە، ئەم ڕێبازە بە گرنگییەکی فەلسەفییەوە لە "بوون" دەڕوانێ و شرۆڤەی دەکات، ئەم فەلسەفەیە لە حەقیقەتدا لەسەر دوالیزمی (بوون/ نەبوون- الوجود/ العدم) کاردەکات و قورسایی زیاتر دەخاتە سەر میتافیزیکییەتی بوون و لە شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی بوونیشدا خاڵێکی گرنگ کە ئەم فەلسەفەیە بەدوایدا دەگەڕێ مەسەلەی بوونی نادیارییە لە ئایین و شەریعەت، بەم پێیە دەتوانین پەنجە بخەینە سەر ئەو حەقیقەتەی کە لە جەوهەردا سۆفیزم توانەوە و ئاوێتەبوونە لەگەڵ بووندا بەشێوە

نابێتەوە، ئەدەبی کوردیش ئا لێرەوە دەستپێدەکات، ئەگەر لەڕووی مێژووییەوە سەیری ئەدەبی کوردی بکەین، ئەوکاتە شیعری کوردی دەردەکەوێت کە لەناو شیعری فارسیدا سەبکی عێراقی دەرکەوتووە کە پێش ئەوە شێوازی خۆراسانی هەبووە، کاتێ لەئەدەبی فارسییەوە گۆڕانێك ڕوودەدات دەبێتە ئەدەبی ڕۆح‌و عیرفان، هەر لەو زەمەنەشدایە شیعری کوردی دەردەکەوێت، بەبۆچوونی خۆشم پێموایە نەتەوەی کورد لەوێوە دەستی پێکردووە، باسی مێژووەکەی ناکەم ڕۆح‌و نەتەوە باس دەکەم، کەواتە ئێمە تەنها عیرفانمان هەیە ئەدەب‌و شیعری ئێمە عیرفانییە، دواجار هەر ئەوەش توانیویانە ئەدەبێکی گەورەیان لەناو کورددا هەبێت کە شیعری عیرفانییان وتووە، وە بەئەندازەی ئەوەی شاعیرەکانمان وازیان لەم بابەتە ڕۆحیانە هێناوە، هێندەش لەشیعری بوون کەوتوون، پێش ماوەیەك شیعرێكی لەنێوان مەحوی‌و سالمدا، خۆ سالم وتووە، مەسعود محەمەد دەڵێت، نالی سالمی کردە شاعیر، بەڵام مەحوی لەبەر ئەوەی ڕۆحیترە شاعیرترە، دواجار چەندە عیرفانیەت‌و ڕۆح کاڵ بۆتەوە هێندەش شیعرییەت لای شاعیران کاڵ بۆتەوە، ئەدەبی دینیش بەهەمان شێوە کز بووە، تۆ سەیرکە لەمەلا پەرێشانەوە کە دەست پێدەکات هەتا دەگاتە مەحوی، چونکە ئەدەبێکی عیرفانییە، زۆر جوانە، شیعری دینیش کە دەبێتە شیعری سەنای ڕووت، بەبێ ئەو ئەزموونە ڕۆحیانە هەست دەکەیت ئەو شیعرییەتەی تێدا نییە، مەسەلەن کەسێکی وەك بێخودو کەمالی، بەو ئەندازە نییە، تەنانەت لەئەزموونی شاعیرە گەنجەکانیشدا ئەوانەی کە بەنەفەسی عیرفانی کار دەکەن شیعرییەتیان زیاترە وەك ( محەمەد عومەرعوسمان و بەختیار عەلی).

ڕەهاو گشتییەکەی. لەم سۆنگەیەشەوە ئەو ڕاستییە خۆی دەسەپێنێ کە سۆفیزم ملکەچی و تاسەی لقە بۆ بنەڕەت (الفرع للاصل) گەڕانەوەی بەشە بۆ گشت و لەم ئاستەشدا خاڵێکی جەوهەری کە فەلسەفەی سۆفیزم عەودالی کەشفکردن و دۆزینەوەیەتی، "حەقیقەت/خودا" لەم پرۆسەی گەڕان و بەدوادا وێڵبوونەشدا سۆفی "دڵ" دەکاتە ئامانج، بەواتایەکی تر بۆ دۆزینەوەی "حەقیقەت" تەسەوف هەرێمەکانی دڵ دەپشکنێ لەبری جوگرافیاکانی عەقڵ، لە دیدی سۆفییەکانەوە سەرچاوەی ڕاستی دڵە و لەنێو قوڵایی دڵدا دەکرێ ڕاستی "حەقیقەت" بدۆزرێتەوە، سۆفیزم هەر بەم تێڕوانینەوە "دڵ" دەکاتە تەوەری سەرەکیی فەلسەفەکەی، کە سۆفی تەنها لەڕێگەی دڵەوە دەتوانێ هەست بە خوداو نهێنییەکانی بوون بکات. ئەم گرنگیپێدان و بەسەنتەرکردنەی "دڵ" لە دەقی شیعریی مەحویدا 1906-1832 بە ڕوونی فەزڵی دەدرێ بەسەر "عەقڵ"دا، چونکە لە بنەڕەتدا "تەسەوف" جۆرێکە لە "عیشق" عیشقی ئیلاهی و دڵیش سەرچاوەی عیشقە، بۆیە دەبینین ڕۆڵی عەقڵ لە پرۆسەی دۆزینەوەی حەقیقەتدا نەك هەر گرنگی و بایەخێکی نییە وەك لە زۆر شیعری مەحویدا بە ڕوونی دەردەکەوێت، بەڵکو بەتەواوەتی پەراوێز دەخرێت:

**لە هەرجێیەک هەوڵی خورشیدی عیشقی گوڵ ڕووخان "مەحوی"**

**ئەگەر عەقڵی ببێ، لەو جێگە ناونگی عەقڵ چیکا..**

یان

**بە جیلوەی ئەو وەکو شەونم فڕی هەر عەقڵ و هۆشێ بوو**

**کە سێبەر مەحوە لەو جێیە هەتاوی لەحظەیەک لێ کەوت..**

بێگومان چ لەلای "مەحوی"و چ لەلای گەورە ئەدیبان و عارفەکانی تری سۆفیزم بە ڕوونی ئەو حەقیقەتە هەست پێ دەکەین کە "دڵ" گرنگی و بایەخی لە ڕادەبەدەری هەیە، نەك هەر لە ئاستی نووسین و تیۆریدا، بەڵکو لە ئاستی پراکتیزەکردنی هەندێك لە تقوسە ئاینییەکانیشدا..

هەرچەندە ئەوەی لێرەدا خراپە بەردەست لە مەبەستی سەرەکیی ئەم نووسینەوە دوورەو ئەوەی ئێمە دەمانەوێ لەسەری بوەستین کێشەی نامۆیی (اغتراب)ە لە شیعری مەحویدا و گەڕانە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا تەسەوف دەتوانێ وەك فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی (اغتراب) نامۆیی بەرهەم بهێنێ؟ ئەگەر وایە کام جۆر لە نامۆیی دەخوڵقێنێ؟ یاخود بەشێوەیەکی تر، ئایا ئایین و کاریگەرییەکانی لەسەر کەسێکی وەك مەحوی تاچەند ڕۆڵی هەبووە لە دروستکردنی دابڕان و دروستکردنی فاسیلەیەکدا لە نێوان ئەم و دونیادا؟.. بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێگەی شیکردنەوەی چەند دەقێکی شیعری مەحوییەوە هەوڵدەدەین ئەو گریمانەیە بسەلمێنین کە خستومانەتە بەردەست، ئەویش ڕۆڵی تەسەوفە لە بەرهەمهێنانی نامۆییدا، هەر لە درێژەی ئەم هەوڵە خاکەڕایەشدا ئەو خاڵە خراوەتە بەردەست کە ئاوەژوو بوونەوەی وێنەی شار لە دیدی مەحوییەوە بە پێچەوانەی شاعیرانی پێش خۆیەوە، کە وێنەیان بۆ شار پڕە لە وێنەو دیمەنی جوان جوان، هەر لە درێژەی ئەم نووسینەدا ئەو جیاوازییە دەبینینەوە و هاوکات فاکتەرکانی ئەو گەشبینی و بەدبینییەش خراوەتە بەردەست، کە لە قەسیدەی "قوربانی تۆزی ڕێگەتم"ی نالیدا سەبارەت بە شار ڕووبەڕووی دەبینەوە و هاوکات ئەو گوندە یۆتۆپییەش کە حاجی قادری کۆیی لە قەسیدی "بە بەختی خەواڵو"دا پێشکەشی خوێنەری دەکات.

لەڕاستیدا دەبێ ئەو ڕاستییە بڵێین، کە جێگەکردنەوەی ئەم بەراوردکردن و جیاوازییە لە پانتایی ئەم توێژینەوەیەدا ئەو زەرووڕەتە سەپاندوویەتی کە دەشێ تەسەوف وەك فاکتەرێکی گرنگ لە دروستکردنی نامۆییدا نەك هەر شار و نیشتمان، بەڵکو تەواوی دنیا لە دیدی ئەم فەلسەفەیەوە دەبێتە شوێنی غەریبییەکی کوشندە.. بێگومان مەحوی یەکێکە لەو شاعیرە

دیارانەی ناو ئەدەبی کوردیمان کە کەم تا زۆرێك ئاوڕ لە بەرهەمەکانی دراوەتەوە، شیعرەکانی لە دیدگاو گۆشەنیگای جیاوازەوە خوێندراونەتەوە. چونکە شیعرەکانی شەلاّلی گێرمەو کێشەیەکی گەورەی رۆحی و فیکری و فەلسەفیی قووڵن، ئەدەبیاتی سۆفیزم بە هەموو شکڵ و مۆتیڤ و تایبەتمەندییەکانییەوە ئەوەندەی ڕەنگدانەوەی لە پانتایی شیعری مەحویدا هەیە، ئەم کارتێکردن و ڕەنگدانەوەیە لە ناو شیعری هیچ شاعیرێکی دیکەی کورددا بوونی نییە.

ئەم شاعیرە لەژێر کارتێکردنی بنەماکانی ئەو فەلسەفەیەدا وەك لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت پوچگەرایی و بێ هودەیی و ڕەشبینییەکی زۆر باڵی کێشاوە بەسەر فەزای شیعرەکانیدا، هەندێك جار ئەو ڕەشبینی و یاخیبوونە وای لێدەکات لە کەناری خۆکوشتنی نزیك دەخاتەوە:

**بەخۆکوشتن نەجاتی خۆبدە مەحوی وەکو فەرهاد**

**لە زۆری قەهرەمانی عیشق، هەر ئەجەل بەستە...**

شیعری مەحوی کە لە زۆر باردا هەڵگری دیدێکی ڕەشبینانەو نائومێدانەیە لە ژیان، دەمانخاتە سەر ئەو ڕایەی کە بڵێین ئەم شاعیرە لە ڕووی رۆحییەوە تووشی نامۆییەکی زۆر هاتووە.

لە لێکدانەوەی ئەو بەیتە شیعرییەدا "کەریم دەشتی" رای وایە، لەم مەودایەدا واتە بیرکردنەوەیەکی وجودیانەی ئاینگەرا بوونەوەرێکی هێجگار تراژیکە و تا دێتە سەر ئەوەی لە ڕوانگەی لێکدانەوەی ئەو دێرە شیعرەوە دەڵێ مرۆڤی تراژیك لە مەودای ڕاکردن لە ڕارەوی ئەگزیستانسیالیزمەوە بۆ ڕارەوی ئاینگەرایی بەشێوەك کە نائومێدی و بێ مانایی ژیان هەموو کایەکانی رۆحی مرۆڤی تراژیك ڕدەکاتەوە و برستی هەناسەدانی لێ دەبڕێ و ژیاندۆست و جیهانپەرستی دەبن بە جۆرێك لە دۆزەخ. نامۆیی رۆحی کە تیایدا مرۆڤ هەموو پەیوەندییەکانی خۆی نەك هەر بە دەرەوەی خۆی، بەڵکو بە خودی خۆشییەوە لەدەست دەدات.

ئیدی کێشەی نامۆیی وەك لای شاعیرانی دیکە بەتایبەت لای نالی و حاجی باسمان کرد لەلای مەحوی ئاراستەیەکی یەکجار جیاواز وەردەگرێت، بەو پێیەی ئەگەر کێشەو گرفتی نامۆیی لای نالی تەنها لەمەدا کورت بێتەوە کە عەوداڵی گەڕانەوەیەتی بۆ سلێمانی و لە سلێمانیشدا حەسرەت و تاسەی بۆ حوجرەکەی کۆتایی پێ بێت، وەك لە قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم)دا دەردەکەوێ، یان ئەگەر غوربەتی حاجی و تاسەو حەسرەتی بۆ گەڕانەوەبێت بۆ گوندە یۆتۆپییەی لە قەسیدەی (وتم بەبەختی خەواڵوو)دا بەو تەرزە ئایدیاڵییە وەسفی دەکات، ئەوا لە ئاستی مەحویدا کێشەی نامۆیی ئاراستەو ڕەهەندێکی گەلێك جیاواز دەگرێتە خۆی، لای مەحوی بەپێچەوانەی نالی و حاجییەوە، لەناو جوگرافیاو نیشتمان و کولتوور و تەنانەت خێزانی خۆشیدا ئەم هەستکردنە بەنامۆیی سەرهەڵدەدات، ئەوەی غوربەتی مەحوی لە غوربەتی نالی و حاجی جیادەکاتەوە غوربەت و نامۆییەکی رۆحییە نەك جوگرافی.

مەحوی لەناو شاردایە، ئەو شارەی نالی تا دواساتەکانی مردنیشی ئاوات و خۆزگەی بۆ دەخواست، بەلاّم ئەم شارەی ئێمە لە دیدی مەحوییەوە دەبینین تەواو جیاوازە لەو شارەی نالی باسیدەکات و پێیدا هەڵدەگوت، ئێمە لە دیدگای مەحوییەوە کە سەیری شار دەکەین نەك هەر ئەهلێکی وای نییە کە ئەهلی دانش بن و نازیم و نازیزی ئومورنین، وەك نالی پێمان دەڵێ، بەڵکو لای مەحوی تەواو وێنەکە پێچەوانەیە، هەر ئەم جیاوازییە لە تێڕوانیندا بۆ شار کە بێگومان مەبەست لێی -سلێمانی-یە، جیاوازیی جەوهەری و بنەڕەتیشە لە دنیابینیی هەردوو شاعیردا.

ئەگەر نالی لە قەسیدەکەیدا داد و فیغان و ناسۆری دووریی سلێمانی خۆیمان بۆ بەیان دەکات، ئەوا مەحوی ڕێك بە پێچەوانەوە داد و هاواریەتی لەوەی

چلۆن له دەست ئەو سیستمە کۆمەڵایەتی و دابونەریت و پەیوەندییانە کە لە شاردا پەیڕەوی لێدەکرێت هەڵبێت و قوتاربێت، مەحوی دەڵێ:

**بۆتە موئیس، بۆتە مەئوا قەوم و شارێ (العیاذ)**

**دێوی بێتێ، جێ بەجێ دەڕوا، بە بارێ (العیاذ)**

**هەرکەسێ ساتێ لەگەڵ ئەو قەومە بوبێ تا ئەبەد**

**بێتەوە فیکری لە زاری دادەبارێ (العیاذ)**

**ئەهلی تەزویر و فەسادن، غاصیبی ماڵی عیباد**

**موبتەلابن بەم بەلایە، ئەهلی شارێ (العیاذ)..**

لەم ڕاڤەو لێکدانەوەی ئەو دێڕە شیعرەدا مامۆستایانی مودەڕیس وایان راڤەکردووە: (شارێکی وابووە بەجێگەم و کۆمەڵە خەڵکێکی وا بوون بە هاودەمم پەنا بەخوا ئەگەر دێو بچێتە ئەو شارە لەتاوا بەیەکجاری رادەکاو هەرکەس ساتێکی لەگەڵ ئەو کەسانەدا رابواردبێ تا دنیا دنیایە هەرچەند یادیان بکاتەوە (پەنابەخوا) لە دەمی دادەبارێ لەناو کوردانا مەشهورە دەڵێن فلانە کەس دێو لەگەڵیدا هەڵناکا).. هەروەها لە درێژەی راڤەکردنەکەیاندا دەڵێن: "دانیشتوانی ئەم شارە ساختەچی و ماڵی خەڵك خۆرن، پەنابەخوا لەوە کە خەڵکی شارێ تووشی دەردی وابن کە خەڵکی شارەکەی من تووشی بوون"

مەحوی هەر لەو شیعرەیداو لە درێژەی سکاڵاو نارەزاییەکانییدا دەڵێ:

**هارومارن، غەیری یەک، یەکسەری دێوودەرن**

**ئیکتیفا نابێ بکەی "مەحوی" بەجارێ (العیاذ)..**

بێگومان بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەمان کە شار لە تێڕوانینی مەحوییەوە شاری سلێمانییەو ئەو شارەی کە نالی بە حەسرەتی بینینەوەی دەستەودامێنی "بادی خۆش مرور" دەبوو، مامۆستایانی مودەڕیس دەڵێن (لە مێژووی ژیانی مەحوی خۆشیدا، لە سلێمانی بەولاوە شارێك نییە ئەوەندەی تێدا ژیابێ بەم جۆرە لێی بێزاربێ، ئێمە وای بۆ ناچین لە سولەیمانی بەولاوەی مەبەست بێ، بەلام بەداخەوە سولەیمانی و خەڵکەکەی بوون بە قوربانی بۆ کردەوەی بەدو ستەمکارانەی.. هتد). بەلام ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە کە ئاوەژوو بوونەوەی وێنەی شار و لەدەستدانی خەسڵەتە ژیانی و ژیارییەکانی لە دیدی مەحویدا لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت؟

ئایا خاڵی کردنەوەی شار لە هەموو بەهایەکی ژیان و شارستانی وەك لە شیعرەکەدا بە روونی دەردەکەوێ چی لە پشتەوەیە؟ ئایا بوونی کۆمەڵێك ناتەبایی و دردۆنگی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان مەحوی و چەند گروپێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی بەتایبەت قادرییەکان، تاکە هۆکاری ئەم ناشیرینبوون و قێزەونییەن لە شاردا. بێگومان لە دیدی مەحوییەوە ؟! یان جگە لەو فاکتەرەدا دەشێ ئێمە هەوڵی دۆزینەوەی فاکتەری دیکەش بدەین؟

ئەوەی بەلای ئێمە گرنگە ناشیرینی بوونی وێنەی شار لە دیدی مەحویدا ناکرێت تەنها لە ڕەگەزێکدا کورتی بکەینەوە و بیگێڕینەوە بۆ چۆنیەتیی پەیوەندیی کۆمەلایەتیی مەحوی و ئەوانی دیکەو بەس دەکرێت ئەم فاکتەرە بەهەند وەربگرین، بەلام ئەمە کۆی سەرجەم کێشەکە نییە، ئەوەی لە پشت ئەم ڕاکردن و دوورەپەرێزییەی "مەحوی"دایە هەر بەتەنیا ئەو کێشەو ململانێ و ئالۆزییانە نییە، کە کەوتبووە نێوان مەحوی لەلایەك و بنەماڵەی دەستڕۆیشتووی قادرییەکان لەلایەکی ترەوە، کە لەئارادابوو، لەلایەکی ترەوە کورتکردنەوەی ئەم مەسەلەیە بۆ ململانێ و کێشەیەکی ئایینی و کۆمەلایەتی لەڕاستیدا لە جەوهەر و گرنگی نەك هەر خودی شاعیر کەمدەکاتەوە، بەڵکو هەڵەیەکی مەنهەجی و فیکریشە گەر وا لەو دەقەو لە جیهانبینیی شاعیر لەو دەقەدا بڕوانین.

بەڕای ئێمە ئەوەی کە خاڵی سەرەکی و بنەڕەتییە لەم وێناکردنەی شاعیردا بۆ شار لەناو ئەو رۆحە نامۆ

و یاخییەدایە، کە شاعیر وەك بکەری دەق هەڵگریەتی، ئەو رۆحە نامۆیەی کە لە دیدی مەحویدا شار دەکاتە شوێنی درۆ و تەڵەکەبازی و دەستبڕین، لەو بڕوایەوە سەرچاوە دەگرێ کە سۆفییەکان دنیا بە مەزرەعەی ئاخیرەت تێدەگەن و پێویستە مرۆڤ لەم دنیادا توێشووی ئەو دنیای خۆی دەستەبەر بکات، جگە لەمەش دنیا هیچ بایەخێکی دیکەی نییە، دەشێ گومانی ئەوەش بکەین کە ئەو تێڕوانینە بۆ شار لەو بڕوایەوە هەڵقوڵابێت کە سۆفییەکان و تەنانەت هەندێك لە پێغەمبەرانیش بۆ بەجێ گەیاندنی دابونەریتی ئایینی بەمەبەستی زوهد و تەقوا گرتویانەتەبەر، ئەویش گۆشەگیری و خەڵوەتکێشانە. ئەگەرچی هیچ بەڵگەیەکی ئاشکرا لەبەردەستانییە کە بیسەلمێنێت مەحویی شاعیر گۆشەگیر و خەڵوەتی بووە لە ئاستی پراکتیکدا، بەڵام بێگومان لە ئاستی تیۆریدا دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین کە بڕوای بەو مەسەلەیە هەبووە و لێرەدا دەتوانین گریمانەی ئەوەبکەین کە سیستەمی کۆمەڵایەتی و جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی کە مەحوی لە سلێمانیدا بووە بە جۆرێك کاریان کردۆتە سەر رۆحی ئەم شاعیرە، عارف و خواناس تووشی نامۆییان کردووە لە شار و خەڵکەکەی:

**لەم شارە خۆ هەموو ڕەوش و دەئبی ئادەمی**

**یەکبارە باری کردووە، دین و حەیا خصوص**

**نامەرد ئەوەندە موعتەبەرن لەم زەمانەدا**

**مەرد ئیعتباری کەم بووە، مەردی خودا خصوص..**

لە ژیانی شاردا کە سیستمێك هەیە پەیوەندییەکان و چەشنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان ڕێکدەخات، کاتێك ئەو پەیوەندی و بەهاو فۆرم و ئەخلاقیاتانە لەبەین دەچێ، ئیدی جۆرە کولتوور و دابونەریتێك دێتەکایەوە کە تیایدا ئەو پەیوەندییە گەرموگوڕەی ڕێزگرتن و دڵسۆزی و دۆستایەتییە دەفەوتێ، بۆیە بەلای خەڵکانێکی مەحوی ئاساوە ئەستەمە بێدەنگبوون لێیان. هەر لەبەر ئەم فاکتەرەشە کە شیعری مەحوی ڕووبەرێکی فراوانی بۆ دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان و پەندو ئامۆژگاری تیادا بەرچاو دەکەوێت، بێگومان لە تێڕوانینی ئایینییەوە. نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە مەحویی شاعیر هەر لە سەرەتاوە وەك سۆفییەك بە بێ بایەخی سەیری ئەم دنیایە دەکات، بەڵام سەیرکردنێکی قووڵ و فەلسەفیانە، سەیرکردنێك کە ئاوێتەیە لەگەڵ ڕەشبینییەکی کوشندەدا، ئەو دەزانێت مادام مردن هەیەو کۆتایی ژیانیش مردنە، ئیدی هەڵپە و راکەراکەی ئینسان لەپای چییە لە دنیادا؟ مادام دنیا ئەوەندە کورت و کەمخایەن و بێ بەقا بێت و مردنیش لە هەموو جێگەیەکدا ئامادەبێ و تەنانەت لە "حبل الورید"یش نزیکتر بێت لە ئینسانەوە، ئیدی ئەو ژیانە چ ژیانێکە و دەبێت چ بەها و بایەخێکی هەبێت؟! بۆیە مەحوی "نەبوون/ عدم"ی پێ باشترە لە "بوون/ وجود":

**چ خۆش وەقتێ بوو ئەو وەقتە لە گۆشەی بێ کەسیدا بووم**

**وەکو هایم لە دەشتی ناکەسیدا ئێستا ئاوارەم...**

مامۆستایانی مودەڕیس لەبارەی ئەم بەیتەوە دەڵێن: "واتە ئەو کاتە کاتێکی چەند خۆش بوو کە لە کونجی بێ کەسیدا کەوتبووم و نە باوکم هەبوو نە دایك و هێشتا نەهاتبوومە دنیاوە، بەڵام ئێستا لە بیابانی خراپەکاریدا ئاوارەبووم و سەری خۆم هەڵگرتووە".

بەمجۆرە روون دەبێتەوە کە مەحوی لەژێر کاریگەریی ئایین و فەلسەفەی سۆفییزمدا تا چ رادەیەك نامۆیە بەژیان!

نامۆیی شاعیر لە بەرامبەر بوون و ژیاندا لە هەندێك ئاستدا دەگاتە رادەیەك کە بە ئۆخەیەوە پێشوازی لە مردن بکات وەك دەڵێ:

**لەحینی نەزعی روحا، رۆحی عاشق**

**وتی ئۆخەی لە میحنەت خانە دەرچووم..**

له دیدی سۆفییزمەوە دنیا شوێنی میحنەت و سزا و ئازارکێشانە، بێگومان ئەمەش پەیوەستە بە چیرۆکی دەرکردنی ئادەم و حەواوە لە بەهەشت، واتە چیرۆکی یەکەمین غەریبیی مرۆڤایەتی لەسەر خواردنی سێوە حەرامەکە! بۆیە کە دنیا شوێنی ئازار و مەینەت و ئەشکەنجەبێت، ئیدی مەگەر هەر ئەو ساتە ساتی کەیف و ئۆخەی بێت کە ساتەوەختی گیان دەرچوونە.

بەلای مەحوییەوە ئەم هەستی نامۆییە لەکاتێکدا کە دەگاتە ترۆپکی خۆی، ئیرەیی بەو کەسانە دەبات کە "دار الفانی"یان بەجێ هێشتووە و گەڕاونەتەوە لای پەروەردگار، بۆیە پێی وایە بەخشندەیی خوداوەندی بەر ئەوانە کەوتووە کە مردوون و کۆچی دواییان کردووە:

**لە مانمدا نەدیوە حاصڵێ غەیری تەوەدوش من**
**خودا پێداو، ئەوانەی لەم وحوشستانە زوو ڕۆین..**

ئا لێرەدا وێنای مەحوی بۆ دونیا و بوونەوەرەکانی دەبێتە دڕندەو دڕەندەستان، ئیدی ئەگەر ئەمە وێنا و تێڕوانی شاعیربێت بۆ دنیا و بوون و بوونەوەرەکانی، چلۆن ئاواتەخوازی مردن نابێت؟ چۆن خۆی گوتەنی لەحینی نەزعی ڕۆحا ئۆخەی ناکات؟ دەبێ ئەو خاڵەش بخەینەڕوو کە هەر لە بنەڕەتدا مەسەلەی دنیاو بوون مەسەلەیەکە سۆفییەکان هیچ بایەخ و گرنگییەکی پێ نادەن و تەوەرەی سەرەکی و گرنگ لە فەلسەفەی سۆفیزمدا لە ژیاندا خۆئامادەکردن و گەڕانەوەیە بۆ لای زاتی کردگار و توانەوە و ئاوێتەبوونی زاتی سۆفییە لەناو زاتی خودادا. بۆیە دەبینین سۆفییەکان هیچ گرنگییەك بەدنیا نادەن، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو لەم دنیایەدا هەست بە نامۆییەکی قووڵ دەکەن و بەگوێرەی لێکدانەوە ئایینییەکان کە مرۆڤ بەهۆی بەهەڵەخواردنی خواردنە حەرامەکەوە فڕێدراوەتە ئەم دنیا و پێویستە مرۆڤ لە هەوڵی گەڕانەوەیدا بۆ دنیای ڕەسەن و یەکەمینی خۆی واتە بەهەشت بێت.

بۆیە دەبینین لە دیدی سۆفییەکی وەك مەحویدا دنیا چەندە ناشرین و قێزەونە کە هەر شایستەی مرۆڤ نییە، بەڵکو لەوە پەسترە کە مرۆڤ دڵی بداتێ و پەیوەستبێت پێیەوە:

**دنیا تیاترۆیە، مەوەستە تیابڕۆ**
**کێ مایەوە تیا کێ نەبووبێ تیاترۆ..**

یان

**چی یە دنیا، ژنێکە هەر شەوی سێ پیر بە صەد فیتنە**
**سبەینێ زوو بە خوێنی جەرگ ئەهلی دڵ دەکا بێزو..**